ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# خەباتی پەرلەمانی کورد لە تورکیا

گەیلان عەباس




ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
کانونی یەکەم ٢٠١٧

# خەباتی پەرلەمانی کورد لە تورکیا

**نوسین و ئامادەکردنی**
**گەیلان عەباس**

**ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان**
**Tel: 009647481505010**
**Email: research.gorran@gmail.com**
**کانونی یەکەمی ٢٠١٧**

## پێڕست

پێشەکی..................... ٢
مێژوی ژیانی سیاسی و پارتایەتی لە تورکیادا ..................... ٤
مێژوی خەباتی سیاسی و پەرلەمانی کورد لە تورکیا ..................... ٩
ئاستەنگەکانی خەباتی پەرلەمانی لە تورکیادا ..................... ١٢
پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) ..................... ١٧
هەدەپەو ئەزمونی سیاسی..................... ٢١
کودەتای تورکیاو وەک هەوڵێک بۆ پەراوێزخستنی هەدەپە..................... ٢٧
دەرئەنجام..................... ٤١

## پێشەکی

لەپاش کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٨٠ی تورکیا، خەباتی سیاسی کورد لە باکوری کوردستان و تورکیا بەرەوپێشچونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، لێرەو لەوێ چەندین پارت و بزوتنەوەو کۆمەڵەو سەندیکاو رێکخراوی کوردی بە ئەنجامدانی کارو چالاکی سیاسی و مەدەنی بونی خۆیان سەلماند. لەو قۆناغەدا پارت و بزوتنەوە سیاسییەکان دەربارەی میکانیزمەکانی خەباتکردن بیرورای جیاوازیان هەبوو، هەندێکیان بروایان بە میکانیزمی شۆرش و خەباتی چەکداری هەبوو لە نمونەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، هەندێکی دیکەشیان رێکاری خەباتی مەدەنیان هەڵبژاردو دەستیاندایە ئەنجامدانی کارو چالاکی سیاسی، لەنمونەی پارتەکانی وەک (هەپ، دەپ، هادەپ ... هتد)، بەڵام ئەوەی لەم نێوانەدا هەمیشە خاڵی هاوبەشی سەرجەم پارتە سیاسییە کوردییەکانی تورکیابووە، بریتی بووە لە:

- تێکۆشان و خەبات لە پێناو دۆزی نەتەوەیی کورد، بە ئامانجی بەروپێشوەچونی پرسی کورد لە تورکیا، ئەوەش لە پێناو بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەیەکی ٢٠ ملیۆن کەسی لە بەشی باکوری کوردستان و تورکیادا.
- روبەروبونەوەی سەرجەم پارتە سیاسییە کوردییەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا، ئەوەش لە رێگای دەستور و یاسا کارپێکراوەکانی ئەو وڵاتەو پەنابردن بۆ یاساغکردنی کاری سیاسی لە چالاکەوانان و سیاسەتمەدارانی کورد، تا داخستن و قەدەغەکردنی پارتە سیاسییەکان.
- کۆڵنەدان لە خەباتی سیاسی و شۆرگێری و بەردەوامیدان بە خەبات و هێنانە ئارای ئەلتەرناتیڤی جیاواز، بە پێی جیاوازی قۆناغەکان، بە نمونە لە ساڵی ١٩٩٠ تا ٢٠١٢ نزیکەی ١٠ پارتی سیاسی کوردی لە تورکیادا داخراون وپەرلەمانتاران و ئەندام و لایەنگرانیان زیندانیکراون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ردەوام دەبن و سەرەڕای توندکردنەوەی فشارەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا لەسەریان بەڵام ئەوان هەمیشە بە وزەو بیروباوەرێکی بە گورتر دێنەوە مەیدان و زیاتر لەجاران بۆ مافی میللەتەکەیان تێدەکۆشن.

لەمیانی ئەم راپۆرتە شیکاریەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر خەباتی سیاسی کورد لە تورکیا، بە دیادیکراویش خەباتی پەرلەمانی لەدوای ساڵی ١٩٩٠، لەو نێوانەدا باس لە ئەزمونی پارتە سیاسییە کوردییەکان دەکەین بۆ گەیشتن بە پەرلەمانی تورکیا لە هەپەوە بۆ هەدەپە. دواتر هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر ئەزمونی (پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە) وەک یەکەمین پارتی سیاسی کوردی، کە توانی بۆ یەکەمجار لە مێژوی تورکیادا بەربەستی ١٠% هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا تێپەر بکات و ببێتە سێهەمین گەورەترین فراکسیۆن لە خولی ٢٦ پەرلەمانی تورکیادا.

دواجار تیشک دەخەینە سەر ئەو فشارانەی کە لەماوەی ساڵانی ٢٠١٥ تا ٢٠١٧ روبەروی کوردانی باکوری کوردستان و پارتە کوردییەکان و سەرۆک شارەوانیەکان و پەرلەمانتاران و ئەندام و لایەنگرانی هەردو پارتی (بەدەپەو هەدەپە) بویەوە، بەتایبەت دوابەدوای کودەتا شکستخواردوەکەی ١٥ تەمموزی ٢٠١٦ لە تورکیادا.

## مێژوی ژیانی سیاسی و حزبایەتی لە تورکیا

پاش دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ تا ساڵی ١٩٤٦ یەک پارتی سیاسی لە گۆرەپانی سیاسی ئەو وڵاتەدا بونی هەبوو، ئەویش پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بوو. ئەم پارتە ساڵی ١٩٢٣ لەسەر دەستی (مستەفا کەمال ئەتاتورک) دامەزرا، لەو کاتەدا ئەتاتورک رێگەی نەدا لە تورکیادا جگە لە جەهەپە هیچ پارتێکی دیکە بونی هەبێت. ئەوەش بە پاساوی پاراستنی سەقامگیری کۆماری نوێی تورکیا.

سەرەرای فشارەکانی پارتی گەلی کۆماری لەسەر ژیانی دیموکراسی و سیاسی، ساڵی ١٩٢٤ لەسەر دەستی کۆمەڵێک ئەفسەری کە بەشداربوی جەنگی رزگاری تورکیاو پابەندی هزری ئیسلامی بون، پارتێکیان بەناوی (پارتی کۆماری پێشکەوتنخواز) دامەزراند. تەمەنی ئەم پارتە زۆری نەخایاند، پاش یەک ساڵ بە بریارێکی کۆماری پارتەکە داخرا.

لەم قۆناغەدا رێگری کرا لە دروستبونی هەر پارتێکی سیاسی، هاوکات داواکرا لە سیاسەتمەدارانی تورکیا سەرجەمیان پەیوەندی بە پارتی گەلی کۆمارییەوە بکەن، بەمەبەستی بەشداری لە ژیانی سیاسی و حکومڕانی تورکیا. هەرچەندە لەم قۆناغەداو چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن لە تورکیادا ئەنجامدەدرا، بەڵام هەمیشە دەنگدەرانی تورکیا لەنێوان کاندیدەکانی یەک پارتدا بژاردەکانی خۆی دەستنیشان دەکرد. بەم جۆرە پارتی گەلی کۆماری بە پاساوی پاراستن و سەقامگیری وڵات و دورخستنەوەی لە پشێوی ئەمنی، سیستەمی (تاک پارتی) لە تورکیادا سەپاند تا ساڵی ١٩٤٦.

ساڵی ١٩٣٨ ئەتاتورک کۆچی دوای کردو (عیسمەت ئینینیۆ) لە پارتەکەوە پۆستی حکومی تورکیادا جێگەی گرتەوە. ساڵی ١٩٤٦ بریاری فرەی سیاسی لە سیستەمی تورکیادا جێگیرکرا. لێرەوە تورکیا روی کردە سیستەمی پلورالیزم و فرە حیزبی.

پارتەکەی ئەتاتورک (جەهەپە)، بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ، لە ١٩٢٣ تاوەکو هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٠ کۆنترۆڵی پەرلەمان و حکومەتی وڵاتی کرد. بەڵام پاش جێگیرکردنی بریاری فرەیی سیاسی لە ساڵی ١٩٤٦، چەند پارتێکی سیاسی دیکە لە تورکیادا دروستبون، لەوانەش (پارتی گەشەپێدانی نیشتیمانی) و (پارتی دیموکراتی تورکیا: بە رابەرایەتی مەحمود جەلال بایار).

لە رێکەوتی ٢١ تەموزی ١٩٤٦ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدرا، ئەوەی ئەم هەڵبژاردنەی لە هەڵبژاردنەکانی دیکەی تورکیا جیا دەکردەوە، ئەوەبوو بۆ یەکەمجار لە مێژوی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا دوو پارتی سیاسی کێبرکێی بەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمانیان کرد. ئەوانیش هەردوو پارتی (پارتی گەلی کۆماری) و (پارتی دیموکراتی تورکیا) بون.

پارتی دیموکراتی تورکیا (دەپ) لە هەڵبژاردنەکاندا توانی ٥٨ کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، بەرامبەر ٤٣٥ کورسی پارتی گەلی کۆماری. سەرەڕای مانەوەی پارتەکەی ئەتاتورک لە دەسەڵاتدا بۆ چوار ساڵی دیکە، بەڵام ئەم گۆرانکارییە خۆی لە خۆیدا سەرەتایەکی پۆزەتیڤ بوو بۆ بە یەکجاری جێگیرکردنی سیستەمی فرەیی پارتەیەتی لە تورکیادا. وەک چۆن دەستپێکێکیش بوو بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٠، پارتی دیموکرات  بە بردنەوەی ٤١٦ کورسی پەرلەمانی بەرامبەر ٦٩ کورسی پارتی گەلی کۆماری، زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت و کۆتایی بە ٢٧ ساڵی حکومڕانی پارتەکەی ئەتاتورک بهێنێت.

سیستەمی فرەیی سیاسی لە تورکیا لەلایەن هاوڵاتیان و چالاکوانانی سیاسی پێشوازی لێکرا، بەجۆرێک لەماوەی چوارساڵدا (١٩٤٦-١٩٥٠)، ژمارەی پارتە سیاسیەکانی تورکیا زۆر زیادیان کردو لە سێ پارتەوە ژمارەیان بۆ ٢٥ پارت بەرز بویەوە.

دوای ١٠ ساڵ لە حوکمی (پارتی دیموکرات) بەرابەرایەتی (عەدنان مەندەریس) و بردنەوەی سێ خولی هەڵبژاردن لە تورکیا، رۆژی ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ بۆ یەکەمجار لە مێژوی تورکیا کودەتای سەربازی لە دژی حکومەتەکەی (عەدنان مەندەریس) ئەنجامدرا. دواتر لە  رۆژی ١٥ی ئەیلولی ١٩٦٢ عەدنان مەندەریس و ١٤ کەس لە وەزیرەکانی بە تاوانی خیانەتی نیشتمانی لەسێدارەدران، مەحمود جەلال بایاری سەرۆک کۆماریش بەهۆی ئەوەی تەمەنی گەیشتبووە ٧٨ ساڵ، لەسێدارە نەدرا.

١٨ مانگ دوای کودەتاکە، بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەتێکی مەدەنی لە تورکیادا، سوپا رێگەی دا جارێکی دیکە هەڵبژاردن لە تورکیادا ئەنجام بدرێت،. تاوەکو ساڵی ١٩٧١ سێ هەڵبژاردنی دیکە لە تورکیادا ئەنجامدرا. پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بەرابەرایەتی (عیسمەت ئینینۆ: سەرۆک وەزیران) جارێکی دیکە گەرایەوە بۆ سەر دەسەڵات و تا ساڵی ١٩٦٥ لەدەسەڵات مانەوە. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٥ پارتی عەدالەت زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەستهێناو بەرابەرایەتی(سولەیمان دەمیرێل)،  تا مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧١ لەدەسەڵات بەردەوام بون.

لە ١٢ی ئازاری ١٩٧١ دا سوپای تورکیا لە دژی حکومەتەکەی پارتی عەدالەت  کودەتای سەربازیان ئەنجامدا و (سولەیمان دەمیرێل:سەرۆک وەزیران)، پاساوی سوپا ئەوە بوو حکومەت پابەند نەبووە بە بنەماکانی کەمالی و لە ناکۆکییەکانی نێوان تورکیاو یۆناندا بەرژەوەندییەکانی تورکیای نەپاراستووە. ساڵی ١٩٧٣ و ساڵی ١٩٧٧ دو هەڵبژاردنی دیکە ئەنجامدران، لەهەردوو هەڵبژاردنەکەدا پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستهێنا. بەڵام ناسەقامگیری دۆخی تورکیا گەشتە ئاستێک لەماوەی ساڵانی ١٩٧٧- ١٩٨٠

پێنج جار حکومەت لەنێوان پارتی گەلی کۆماری بەرابەرایەتی (بوڵەنت ئەجەوید) و پارتی عەدالەت بەرابەرایەتی (سولەیمان دەمیرێڵ) هەڵوەشێندرایەوە.

لە رێکەوتی١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، پاش تێکچونی دۆخی ناوخۆی تورکیاو پێکهەڵپژانی جەماوەری لەنیوان ئەندام و لایەنگرانی پارتە (نەتەوەیی و شیوعییەکان)، حکومەتەکەی سولەیمان دەمیرێل کۆنترۆڵی لەدەستدا. ئەمەش هۆکاربوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سوپای تورکیا بەرابەرایەتی سەرۆک ئەرکان سوپا (کەنعان ئێڤرن) سێهەمین کودەتای سەربازی دژ بە حکومەتەکەی دەمیرێل ئەنجامبدات.

لەدوای کودەتای ساڵی ١٩٨٠ بەرابەرایەتی (کەنعان ئێڤرن)، دەستورێکی نوێ بۆ تورکیا دەنرا لەساڵی ١٩٨٢دا. بەپێی ئەو دەستورە چەند یاسایەک پەسەندکران و لەرێگەیانەوە لەمپەرو رێگری بۆ کاری حزبایەتی لە تورکیادا دانرا، بەم جۆرەش چیتر ئازادی کاری سیاسی وەک جاران لە تورکیادا بونی نەما، بەتایبەت بۆ چالاکە سیاسییە (ئیسلامی و کوردەکان)ی تورکیا. دوای چەند هەمواریێکی دەستوری و هەڵوەشاندنەوەی کارکردن بە چەند یاسایایەک لە سەردەمی (تورگوت ئۆزال)دا، بەشێک لەو لەمپەرانە لەبەردەم چالاکی پارتە سیاسیەکان هەڵگیرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پارتە ئیسلامیو کوردییەکان روبەڕوی دادگای دەستوری دەکرانەوەو پاش ماوەیەک بریاری یاساغکردنیان بۆ دەردەکراو دامەزرێنەرەکانیشیان کاری سیاسییان لێ قەدەغە دەکرا. مێژوی یاساغکردنی پارتە سیاسیەکان لە تورکیادا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاو لەدوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (١٩٨٠)ەوە ئەم دیاردەیە پەرەیسەند.

داڕێژەرانی دەستوری ١٩٨٢ کۆمەڵێک لەمپەرو رێگرییان خستە بەردەم چالاکی پارتە سیاسییەکان، ئەوەش لەرێگەی کۆمەڵێک بەندی دەستورییەوە، لەوەش توندتر لەرێگەی یاسای پارتە سیاسییەکانەوە لەمپەری توندیان خستە بەردەم کاری سیاسی پارتە سیاسییەکان، بە جۆرێک دادگای دەستوری تورکیا لەڕێی لیستێکەوە کاری سیاسی لە ٢٥ پارتی سیاسی تورکیای قەدەغەکرد، (٦ پارتیان بە پێی دەستوری ١٩٦١، ١٩ پارتی دیکە بە پێی دەستوری ١٩٨٢). بە پێی یاساکە لە بەرواری دەرچونیەوە ئەندام و چالاکانی سیاسی ئەم پارتە سیاسیانە بۆ ماوەی ٥ ساڵ کاری سیاسییان لێ قەدەغە کرا.

سەرەرای کۆمەڵیک چاکسازی و دەستکاری پەیوەست بە کاری سیاسی لە تورکیا لەرێگەی هەمواری دەستوری (١٩٨٧- ١٩٩٥- ٢٠٠١) لە تورکیادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا یاسای پارتە سیاسییەکانی تورکیا خەوشی زۆری تێدایەو زیانی گەیاندووە بە سیستەمی سیاسی و رەوشی دیموکراسی لە تورکیادا. بەم هۆیەوە لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٠٩ ی ( لیژنەی ئەوروپی بۆ دیموکراسی لە رێگەی یاسا: کۆمسیۆنی ڤینیسیا - لجنة البندقية) لە یەکێتی

ئەوروپا لەرێگەی راپۆرتێکەوە رەخنەی توندی لە ماددە دەستوری و یاساییەکانی تورکیا گرت، پەیوەست بە دۆسییەی یاساغکردنی پارت و رێکخراو چالاکی سیاسی لە تورکیادا.[1]

دیاردەی یاساغکردنی کاری سیاسیی لە تورکیادا تەنیا پەیوەست نییە بەو پارتە سیاسیانەوە کە دادگای دەستوری یاساغیان دەکات، بەڵکو چەند پارتو رێکخراوێکی دیکە هەن لە تورکیا، بە پێی یاسا بە پارتی نایاسایی لەو وڵاتەدا هەژمارکراون و ئەندامەکانیشیان وەک تاوانبارو داواکراوی یاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، وەک نمونەی (پارتی کرێکارانی کوردستان"پەکەکە"، حیزبوڵڵای تورکی، پارتی ماویستی کۆمۆنیست، حیزبی تەحریری تورکی،...چەندانی دیکە).

زۆرترین ئەو پارتە سیاسیانەی لەدوای ساڵی ١٩٨٢ روبەروی یاساغکردنی کاری سیاسی بونەتەوە پارتە ئیسلامی و کوردییەکان بون، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە پارتە سیاسیەکانی دیکەی تورکیا مەترسی یاساغکردنیان لەسەر نییە، لەو نێوانەدا پارتە چەپە کۆمۆنیستەکان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لەساڵی ١٩٢٠ روبەڕوی دادگا بونەتەوەو بەشی زۆریان یاساغ کراون.

مێژووی داخستنی پارتە سیاسییەکان لە تورکیا لە ساڵی ١٩٢٥، واتە دوای دوو ساڵ پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا، بە داخستنی پارتی کۆماری پێشکەوتنخواز دەستپێدەکات و لە ساڵی ٢٠٠٩شدا بە داخستنی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی درێژەی دەبێت.

دوابەدوای رێگەدان بە سیستمی فرە حیزبی لەتورکیادا، لە ساڵی ١٩٤٦-٢٠٠٩، نزیکەی ٢٧ پارتی سیاسی لە تورکیادا داخراون، ٢٥ پارتیان دوابەدوای پێکهێنانی دادگای دەستوری لە ساڵی ١٩٦١ داخراون. لەنێوان ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٩ شەش پارتی سیاسی کوردی لەرێگای دادگای دەستوری بریاری داخستنیان دراوە.

بە کۆی گشتی لەماوەی ٨٤ ساڵدا ٥٨ پارتی سیاسی لە تورکیا داخراون، بەشێکیان بە فەرمانی دادگای سەربازی و بەشێکی دیکەشیان بەفەرمی دادگای دەستوری داخراون، دوایین دوو پارتیش کەلەو چوارچێوەیەدا داخران، هەریەکە لە پارتی دیموکراتی گەل و کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی بوون، کە دوو پارتی کوردی بوون.

---

١. بۆ زانیاری زیاتر بروانە :

EUROPEAN COMMISSION FOR DEMOCRACY THROUGH LAW (VENICE COMMISSION)
file:///C:/Users/Gaylan/Downloads/CDL-AD2009006-%20Opinion%20on%20Prohibition%20of%20Political%20Parties%20Turkey.pdf

**نمونەی کۆمەڵێک پارتی سیاسی یاساغکراو داخراو لە تورکیا:**

1. **پارتە چەپەکان:**
   - پارتی کرێکارانی تورك (تورکی ئیشچی پارتیسی)، لە ساڵی (١٩٦١) یاساغکراوە.
   - پارتی کۆمەنیستی یەکگرتوی تورکیا (تورکی بیر لەشیك کۆمونیست پارتیسی) لە ساڵی (١٩٩١) یاساغکراوە.
2. **پارتە دینییەکان:**
   - پارتی کۆماری پێشکەوتنخواز (تەراککیپەرڤەر جمهورییەت فیرکاسی)، لە ڕێکەوتی (١٩٢٥/٦/٣) یاساغکراوە.
   - پارتی نیزامی میللی (میلی نیزام پارتیسی)، لە ڕێکەوتی (١٩٧١/٥/٢٠) یاساغکراوە.
   - پارتی ڕەفاه (ڕەفاه پارتیسی)، لە ڕێکەوتی (١٩٩٨/٢/٢٢) یاساغکراوە.
   - پارتی فەزیلەت (فەزیلەت پارتیسی)، لە ڕێکەوتی (٢٠٠١/٦/٢٢) یاساغکراوە.
3. **پارتە کوردییەکان:**
   - پارتی کاری خەڵك (هەڵکین ئەمەك پارتیسی)، لە ڕێکەوتی (١٩٩٣/٦) کاری سیاسیان لێ یاساغکراوە.
   - پارتی دیموکرات (دیموکراسی پارتیسی)، لە ڕێکەوتی (١٩٩٤/٦/١٦) کاری سیاسیان لێ یاساغکراوە.
   - پارتی دیموکراتی خەڵك (هەڵکین دیموکراسی پارتیسی)، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٣/٣/١٣) یاساغکراوە.
   - پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (دیموکراتیك ڤە تۆپلوم پارتیسی)، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٢/١١) یاساغکراوە.
   - پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (باریش ڤە دیموکراسی پارتیسی) ، ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن دادگای دەستوری تورکیاوە بریاری داخستنی بۆ دەرکرا.

جێی ئاماژە بۆکردنە لەخولی پێشوی پەرلەمانی تورکیادا هەوڵێکدرا لەبارەی هەموارکردنی چەند مادەیەکی دەستوری، ئەوەش لەپێناو زەحمەتکردنی دیاردەی داخستنی پارتە سیاسییەکان، ئەوەبوو لە ڕێکەوتی ١٠ ئازاری ساڵی٢٠١٥دا پرۆژەیەک بە واژۆی ٢٢٤ پەرلەمانتار پێشکەش بە لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوری کرا لە پەرلەماندا، دوای چوار ڕۆژ پرۆژەکە پەسەندکرا. پرۆژەکە سەرەڕای گۆرانکاری لە چەند ڕێکارێکی داخستنی پارتەکان، بەڵام سەرئەنجام وەک رابردوو دەسەڵاتی داخستنی پارتە سیاسیەکانی لە چوارچێوەی سەڵاحیاتەکانی دادگای دەستوریدا هێشتەوە.

## مێژووی خەباتی سیاسی و پەرلەمانی کورد لە تورکیا

لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکاندا خەباتی سیاسی کورد لە تورکیا پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، بەتایبەت پاش دروستبون و راگەیاندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەرابەرایەتی (عەبدوڵا ئۆجەلان) لە رێکەوتی ١٩٧٨/١١/٢٧ لە باکوری کوردستان. ئەم پارتە کوردییە لە دیارترین ئەو پارتە سیاسیانەی کورد بوو لە تورکیا، کە جیاواز لە ئەزمونی پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی رابردوی کورد لەو پارچەیەی کوردستان، توانی کاریگەری گەورە

دروستبکات لەسەر ئاراستەی خەباتی کورد لە تورکیاو ئیلهام و وزەی خەباتی نەتەوەیی ببەخشێتە دەیان پارت و رێکخراوی سیاسی دیکە لە تورکیادا.



**(عەبدوڵا ئۆجەلان) دامەزرێنەر و رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان**

پاش کودەتای سەربازی ١٢ ئەیلولی ١٩٨٠ بەسەرۆکایەتی (کەنعان ئێڤرەن)، ئەندامانی پەکەکە وەک زۆربەی گروپ و دەستەکانی دیکە لە باکوری کوردستان و تورکیا کەوتنەبەر شالاّی ڕاونان و گرتن و کوشتن.

هەلّمەتی ڕاوەدونان و کوشتنی ئەندامانی پەکەکە هۆکاربوو بۆ ئەوەی لەسالاّنی ١٩٨٢-١٩٨٣ بەشێک لە ئەندامانی پەکەکە تورکیا بەجێبهێلّن و روەو لوبنان برۆن. لەگەلّ توندبونەوەی فشارەکانی سوپاو دەزگای پۆلیس و دادگا بۆ سەر چالاکوانانی سیاسی کورد، ئەم پارتە کوردییەی ناچارکرد پاش شەش سالّ لە کاری سیاسی و نەگەیشتنە ئامانج لەگەلّ حکومەتی تورکیا، لەسالّی ١٩٨٤دا بەفەرمی دەستیدایە چەک و خەباتی شۆرشگێرییان دژ بە حکومەتی ئەنقەرە دەست پێکرد. لەو بەروارەوە تا ئێستا خەباتی چەکداریی لە باکوری کوردستان لەسەر دەستی ئەم پارتە سیاسیە بەردەوامە.



**کۆمەلّێک گەریلای پەکەکە بە رابەرایەتی عەبدولّا ئۆجەلان**

دوای سێ ساڵ لە حوکمی سوپا لە تورکیا، ساڵی ١٩٨٣ حکومەتێکی نوێ بەسەرۆکایەتی (تورگوت ئۆزال) پێکهێنرا، ئۆزال تا ساڵی ١٩٨٩ وەک سەرۆک وەزیران، دواتر تا ساڵی ١٩٩٢ وەک سەرۆک کۆمار دەستبەکاربوو. لەو ماوەیەدا تورکیا بەگشتی و پرسی کورد بەتایبەتی دوچاری گۆڕانکاری بویەوە، لەسەر ئاستی تورکیا کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە دەستورو یاساو بڕیارەکانی تورکیادا کران، لەوانەش هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن، بەرفراوانکردنی کورسییەکانی پەرلەمان، هەڵوەشاندنەوەی ماددەکانی (١٤١-١٤٢-١٦٣)ی دەستور لەبارەی قەدەغەکردنی چالاکییە سیاسیەکانەوە. هاوکات لەلایەکی دیکەوە هەوڵەکان بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا دەستیان پێکرد، بۆ ئەوەی کێشەی کورد بە شێوەی ئاشتییانە چارەسەر بێت[٢]. هەموو ئەم بەرەوپێشچون و گۆڕانکاریانە ڕێگایان خۆشکرد بۆ کرانەوەی زیاتر و هاتنە پێشەوەی چالاکی کوردەکان، بۆ ئەوەی لەرێگەی کەناڵێکی فەرمی و دانپێدانراوەو داکۆکی لە ماف و داواکارییەکانیانی هاونیشتیمانیانی کورد بکەن لە تورکیا.



**(تورگوت ئۆزال) هەشتەمین سەرۆک کۆماری تورکیا**

---

**٢. سەرەرای هەوڵەکانی تورگوت ئۆزال بۆ چارەسەری ئاشاتیانەی کێشەی کورد و راگەیاندنی ئاگربەست لەنیوان پەکەکەو سوپای تورکیا، بەڵام هەوڵەکان لەم پێناوەدا نەگەیشتنە ئامانج، ئەوەش بەهۆی مردنی (ئۆزال) هەشتەمین سەرۆک کۆماری تورکیا لە ١٧ی نیسانی ١٩٩٣ بەشیوەیەکی گوماناویی. سەرئەنجام هەوڵی ئاگربەستی نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا شکستیهێنا و شەر لەنێوانیاندا دەستیپێکردەوە.**

## ئاستەنگەکانی خەباتی پەرلەمانی لە تورکیا


لەگەڵ بەردەوامی خەباتی چەکداری لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان بەرابەرایەتی پەکەکە، چالاکانی کورد وەک ئەڵتەرناتیڤی خەباتی چەکداری و شۆرشگێری، پەنایانبردە بەر (خەباتی سیاسی و مەدەنی) لە لەو وڵاتەدا. هەرچەندە هاوشێوەی رابردوو پارتە کوردییەکان لەم قۆناغەشدا، ڕووبەڕوی سزادان و گرتن و راوەدونانی ئەندامان و داخستن و قەدەغەکردنی پارتەکانیان بوونەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کات فشارەکان رێگر نەبون لەبەردەم کۆتایی هێنان بە خەبات و ژیانی سیاسی کوردەکان لە تورکیا.

یەکەم هەوڵی بەشداری سیاسی بزوتنەوەی کورد لە خەباتی سیاسی و مەدەنی تورکیا لەرێگەی (بزوتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکرات)ەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٠. لەوکاتەوە تا ئێستا بزوتنەوەی کوردی لە باکور ناچار بوە زیاد ١٠ جار ناوی پارتەکانی خۆی بگۆڕێت. ئەوەش لە پێناو خۆگونجاندن لەگەڵ رێگری و لەمپەرەکانی حکومەتە جیاوازەکانی تورکیا، تا بەو جۆرە بتوانن بەردەوامی ببەخشن بە خەباتی سیاسی کورد لە تورکیا.

یەکەم ئەزمونی بەشداری سیاسی (بزوتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکرات) لەرێگەی (پارتی دیموکراسیی گەل یاخود رەنجی گەل- هەپ) تاقیکرایەوە، ئەم پارتە کوردییە بۆ ئەوەی بچێتە پەرلەمانی تورکیا لەگەڵ (پارتی سۆسیال دیموکراتی گەلی تورکیا:سەهەپە) هاوپەیمانی پێکهێنا. لە ئەنجامدا هاوپەیمانێتییەکە توانی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩١ رێژەی ٢٠,٧٥% دەنگەکان بەدەستبهێنێت و ٨٨ کورسی پەرلەمان بباتەوە. لەو ژمارەیە ١٨ کورسیان لەناوچە کوردییەکان بەدەستهات. لەکاتی سوێندخواردنی دەستبەکاربونی ئەندامانی پەرلەمان، لە ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٩١دا لە پەرلەمانی تورکیا هەریەک لە (ئۆرهان دۆغان، لەیلا زانا، خەتیب دیجلە، سەلیم ساداک و ئەحمەد تورک) جگە لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لەکاتی سوێندی پەرلەمانیدا وتیان " ئەم سوێندە بۆ برایەتیی گەلی کورد و تورک دەخۆین."

سوێندەکەی ئۆرهان دۆغان و هاوڕێ پەرلەمانتارەکانی چەندین کاردانەوەی لێکەوتەوە. هەر ئەو رۆژە تانکەکانی حکومەتی تورکیا پەرلەمانیان گەمارۆداو هێزە ئەمنییەکانیش پەرلەمانتارە کوردەکانیان دەست بەسەرکرد. لەدوای یەک ساڵ چیرۆکی هاوپەیمانی هەپ و سەهەپە لە مارسی ١٩٩٢ دا کۆتایی پێهات و ١٨ پاڵێوراوی (هەپ) فراکسیۆنێکی نوێیان لە پەرلەمان دروستکرد. بەڵام کارەکانی هەپ زۆری نەخایاندو لەهەمان ساڵدا  هەپ لە لایەن دادگای دەستوری تورکیاوە داخراو پەرلەمانتارە کوردەکان، وەک ئەڵتەرناتیڤی پارتی (دەپ) یان دامەزراندو لەوێدا درێژەیان بە کاری سیاسی خۆیاندا.

رێکەوتی ١ مارسی ١٩٩٤، لە پارلەمانی تورکیا، بە دەنگی ئەندامانی پارتی رێگەی ڕاست و پارتی دایکی نیشتمانی، مافی ئەندامێتی لە شەش پەرلەمانتاری (دەپ) سەندرایەوەو رۆژێک دواتر پەرلەمانتارەکان دەستگیرکران و چوار مانگ دواتر مافی حەسانەیان لێ سەندرایەوەو رەوتی دادگاییکردنیان دەستیپێکرد.




**پرۆسەی دادگایکردنی هەشت پەرلەمانتاری پارتی دیموکرات (دەپ)**

دادگای تورکیا لە ٨ی کانونی یەکەمی ١٩٩٤ بەهۆی سوێندخواردنی ئەو پەرلەمانتارانە بە زمانی کوردی و بە تۆمەتی ئەندامبوون لە پەکەکەدا سزای ٨ بۆ ١٥ ساڵ زیندانیی بەسەر هەر یەک لە ( ئۆرهان دۆغان، لەیلا زانا، ئەحمەد تورک، سڕی ساکیک، مەحمود ئاڵناک، خەتیب دیجلە و سەدات یورت تاش) سەپاند. دواتر دادگای تێهەڵچونەوەی تورکیا سزای (ئەحمەد تورک، سڕی ساکیک، سەدات یورت تاش و مەحمود ئاڵناک)ی هەڵوەشاندەوە، بەڵام سزای ١٥ ساڵ زیندانی بۆ هەریەک لە " ئۆرهان دۆغان، لەیلا زانا، خەتیب دیجلە و سەلیم ساداک"ی پەسەندکرد.



**(سەلیم ساداک، خەتیب دیجلە، لەیلا زانا و ئۆرهان دۆغان)**

بەم شێوەیە لە حوزەیرانی ساڵی١٩٩٤ دا، پارتی (دەپ) داخراو لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٤، پارتی دیموکراتی گەل (هادەپ) شوێنی گرتەوە. (هادەپ) بەشداریی هەڵبژادرنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٥ی کرد، توانیی یەك ملیۆنو ١٧١ هەزار دەنگ بەدەستبهێنێت، دەیکردە رێژەی ٤,١%ی دەنگەکان، بەڵام بەهۆی بونی بەربەستی ١٠% نوێنەرەکانی ئەم پارتە نەیانتوانی بگەنە پەرلەمان.

ساڵی ١٩٩٧ پارتی گەلی دیموکرات (دەهاپ) دامەزرا، ئەوەش وەك ئامادەكارییەك بۆ ئەگەری داخستنی هادەپ، هەردوو پارتەكەش بەشداریی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٩ یان كردو دەنگەكانیان بەرز كردەوە بۆ یەك ملیۆنو ٤٨٢ هەزار دەنگ و ڕێژەی ٤,٧% دەنگەكانی دەكرد، بەڵام بەهۆی بونی بەربەستی هەڵبژاردن، جارێكی تر بزوتنەوەی كوردیی نەیتوانی كاندیدەكانی بنێرێتە پەرلەمانی توركیا.
لەهەمان ساڵداو لە ڕێكەوتی ١٥ شوباتی ساڵی١٩٩٩ ڕێبەری پارتی كرێكارانی كوردستان (عەبدولا ئۆجەلان) لەڕێگەی پیلانگێرییەكی نێودەوڵەتیەوە لە وڵاتی كینیا دەستگیركراو دواتر رادەستی میتی توركیا كرا. لەسەرەتاشدا، دادگای توركیا، حوكمی لەسێدارەدانی بۆ ئۆجەلان دەركرد، بەڵام دواتر بەهۆی زیادبونی فشارە نێوخۆی و دەرەكیەكانەوە سزاكەی گۆڕدرا بۆ زیندانیی هەتاهەتایی و ئۆجالان رەوانەی دورگەی ئیمراڵی كرا.
دەسەڵاتدارانی توركیا لەو كاتەدا پێیان وابوو بە دەستگیركردنی عەبدوڵا ئۆجەلان دەتوانن خەباتی شۆرگێری و چەكداری كورد لە توركیادا بە یەكجاری كۆتایی پێبهێنن. بەڵام بەپێچەوانە دەستگیركردنی ئۆجەلان، گڕوتینی زیاتری بەخشییە خەباتی شۆرگێری پەكەكە ، لەسەر ئاستی ناوخۆی توركیاش خەباتی سیاسی كورد بەرەو پێشوەچونی زیاتری بەخۆیەوە بینی.
لە ساڵی ٢٠٠٢ دادگای دەستوری توركیا بڕیاری داخستنی (هادەپ)ی دەركرد، بەو هۆیەشەوە، پارتی گەلی دیموكرات (دەهاپ) كە ساڵی ١٩٩٧ دامەزرابوو، جێگەی هادەپی گرتەوەو بەشداری هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠٠٢ی كردو توانیی یەك ملیۆنو ٩٦٠ هەزار دەنگ بەدەست بهێنێت، بەرامبەر ڕێژەی ٦,٢% دەنگەكان، بەڵام بەهۆی بوونی بەربەستی هەڵبژاردن جارێكی تر كورد لە پەرلەمانی توركیا بێبەش بوو.
پاش تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ بە سەر زیندان كردنیاندا ساڵی ٢٠٠٤ هەریەک لە (ئۆرهان دۆغان و لەیلا زانا و هاورێكانیان) ئازادكران، لەدوای ئازادبونی ئەم پەرلەمانتارانە، پارتی (دەهاپ) بەهەمان سیناریۆی پارتی (هادەپ) داخرا. لەوكاتەدا هەریەک لە (ئۆرهان دۆغان و ئەحمەد تورک، لەیلا زانا، ئایسەل توغڵوک، خەتیب دیجلە و سەلیم ساداک) لە ڕێكەوتی ٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٥دا پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی (دەتەپە)یان دامەزراند. ساڵی ٢٠٠٧ بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژرادنی پەرلەمان، یاسای هەڵبژاردنی توركیا گۆڕانی تێدا ئەنجامدراو ڕێگەدرا جگە لە لیستی پارتەكان كاندیدی سەربەخۆش بەشداری لە هەڵبژاردنەكاندا بكەن، ئەوە بوو پارتی كۆمەڵگای دیموكرات دەتەپە لە ڕێگەی كاندیدی سەربەخۆوە بەشداریی لە هەڵبژاردنەكاندا كرد و توانی یەك ملیۆنو ٣٣٤ هەزار دەنگی

بەدەست بهێنێت، هەرچەندە لەچاو هەڵبژاردنی ٢٠٠٢ دەنگەکانی کورد کەمی کرد، بەڵام دەتەپە توانی لە کۆی ٦٢ کاندید ٢١ پەرلەمانتار بنێرێتە پەرلەمانی تورکیا، بەوەش بۆ یەکەمین جار بوو کورد بەو رێگەیە لە بەربەستی ١٠% رزگاری بوو. دواتر لەناو پەرلەماندا فراکسیۆنی دەتەپەیان پێکهێنا.

دوای دوو ساڵ لە کاری پەرلەمانی، لە رۆژی هەینی (٢٠٠٩/١٢/١١) بەهەمان شێوەی پارتە کوردییەکانی دیکەو بە بریاری دادگای دەستوری تورکیا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (دەتەپە) بڕیاری داخستنی درا بە "تاوانی بونی پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە". بەمشێوەیەش کاری سیاسیی لە دامەزرێنەرانی ئەم پارتە بە (ئەحمەد تورك)ی سەرۆکی پارتەکەشەوە قەدەغەکرا.


لەوکاتندا (هاشم کیلیچ: سەرۆکی دادگای دەستوری) رایگەیاند " (١١) دادوەری دادگای باڵای تورکیا بڕیاریان لەسەر داخستنی دەتەپە داوە، بەو پێیەی ئەم پارتە بوەتە خاڵی سەرەکی چالاکییەکان دژی یەکگرتویی وڵاتو نیشتمان. هاوکات رایگەیاند"سەرۆکی دەتەپە واتە ئەحمەد تورك، لەگەڵ ئایسەل تورکو (٣٥) ئەندامی دیکەی ئەو پارتە بۆ ماوەی پێنج ساڵ چالاکیی سیاسیان لێ یاساغکراوە، ئەوەشی باسکرد، کە تەواوی دارایی حیزبەکە دەستی بەسەردا دەگیرێت".

بەو هۆیەشەوە چالاکانی کورد رویانکردە پارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە)، ئەمیش پارتێکی دیکەی کوردی بوو کە ساڵی ٢٠٠٨ دامەزرابوو.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١١، بەدەپە بە لیستی کاندیدی سەربەخۆ بەشداریکردو توانی ٣٥ پەرلەمانتار بگەیەنێتە پەرلەمانی تورکیا، ئەوەش دوای ئەوەی دەنگەکانی کورد بۆ ٢ ملیۆنو ٤٣٥ هەزار دەنگ بەرز بوەوە. کە رێژەکەی بریتی بوو لە ٥,٦% ی کۆی دەنگدەرانی تورکیا.

ساڵی ٢٠١٤ پارتی (بەدەپە) لەلەلایەن دادگای دەستوری تورکیاوە بریاری داخستنی بۆ دەرکرا. لەوکاتەدا دوبارە چالاکوانانی کورد بەشێکیان رویان کردە پارتی (پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان- دەبەپە) کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دروستکرابوو، بەشێکی دیکەشیان رویان لە پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە) کرد، ئەم پارتەش لەساڵی ٢٠١٢ دامەزرابوو، ئەوکات بە هاوبەشی بەدەپە نوێنەریان لەناو پەرلەمانی تورکیادا هەبوو.

دوای داخستنی بەدەپە، پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بریاریدا وەک پارتێکی سەربەخۆ بەشداری پرۆسەی سیاسی تورکیا بکات و خۆی ئامادەکرد بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لەساڵی ٢٠١٤ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا ساڵی ٢٠١٥ دا.




**لۆگۆی پارتە کوردییەکانی تورکیا لە ساڵی ١٩٩٠ـ ٢٠١٢**

## پارتی دیموکراتی گەلان (HDP)

مێژوی دروست بون و راگەیاندنی ئەم پارتە دەگەرێتەوە بۆ رێکەوتی ١٥ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٢، وەك باڵێکی هاوبەشی پارتی ئاشتی و دیموکراتی کورد (بەدەپە: BDP)، ئەوکات نوێنەرایەتیان لەناو پەرلەمانی تورکیادا هەبوو. یەکەمین کۆنگرەی ئەم پارتە لە رێکەوتی ٢٧ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٣دا بەسترا.

لەروی ئایدۆلۆژیاوە ئەم پارتەی بە پارتێکی سۆسیال دیموکرات لەقەڵەم دەدرێت، پابەندە بەدژایەتیکردنی سیستمی سەرمایەداری و جیاکاری و رەگەزپەرستنی ئاینی ونەتەوەیی، رێزگرتن و قبوڵکردنی جیاوازیەکان و پابەندبون بەبنەماکانی دیموکراتی، هاوڵاتی بون، یەکسانی، ئازادی و دادپەروەری .

یەکەم بەشداری فەرمی ئەم پارتە لەبواری حکومرانیدا، دەگەرێتەوە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی ٢٠١٤، کاتێك بە هاوبەشی لەگەڵ پارتی ئاشتی و دیموکرات (بەدەپە)

بەشداریان کرد، دوا بەدوای هەڵبژاردنەکانیش هەردو پارت ریزەکانی خۆیانیان لەژێر پەیکەرێکی هاوبەشدا رێکخستەوە. ئەم هەنگاوە سەرەتا لەپەرلەمانەوە دەستیپێکرد، پاش ئەوەی فراکسیۆنێکی هاوبەشیان لەناو پەرلەماندا پێکەوەنا، پەرلەمانتارەکانی پارتی ئاشتی و دیموکرات چونە پاڵ پەرلەمانتارەکانی پارتی دیموکراتی گەلان. بەم جۆرەش فراکسیۆنێکی ٣٥ ئەندامیان پێکهێنا.

ئامانجە سیاسی و مەدەنیەکانی ئەم پارتە لەناو پەیرەو پرۆگرامی ناوخۆی پارتەکەدا رونکراوەتەوە. ئەم پارتە تێدەکۆشێت لەپێناو بەگژداچونەوەی گشت تایبەتمەندێتیەکی نەتەوەی و رەگەزی، کاردەکات بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە و خۆشگوزەران لەسەر بنەمای یەکسانی بۆ سەرجەمی هاوڵاتیانی تورکیا، ئەوەش بە بەدیهێنان و هێنانە ئارای بنەماکانی دیموکراتی لەرێگەی سیستمێکی لیبراڵ و دیموکراتەوە.

ئەم پارتە وەك لەپەیرەوەکەیدا هاتووە بە پلەی یەکەم نوێنەرایەتی گشت ئەو چین و توێژانە دەکات کە لە تورکیادا ماف خوراو پەراوێزخراون و وەك هاوڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. دواتر کار بۆ بەرژەوەندی گشتی سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی تورکیا دەکات. هەرچەندە لەبنەرەتدا پێکهێنەرانی ئەم پارتە پێکهاتون لە کەسانی دیاری ناوچە جیاوازەکانی باکوری کوردستان، بەدیاریکراوی ئەوانەی پێشتر لەناو ریزەکانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی کورد (بەدەپە) کاریان کردووە، بەڵام هەر لەناونانیدا دەردەکەوێت پێکهێنەرانی ئەم پارتە دەیانەوێت هەدەپە جیاوازبێت لە ئەزمونی پارتە کوردییەکانی رابردوو. ئەوە جگە لەوەی هەوڵدەدەن لەگەڵ بارودۆخی هەمە چەشنەی کۆمەڵگای تورکیدا خۆیان بگونجێنن، بە جەختکردنەوە لەسەر دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و بەرجەستەکردنی ماف و بەرژەوەندی کۆی گەلانی ئەو وڵاتە.

لەلایەکی دیکەوە ئەم پارتە بە پارتێکی کوردی دەناسرێت و لای زۆرێکیش وەك کۆپی دووەمی پارتی ئاشتی و دیموکراتی کورد (بەدەپە) ناودەبرێت. بەڵام ئەمان رێرەوی چالاکیەکانیان تەنها لەباکوری کوردستاندا قەتیس نەکردوەو رویان لە ناوچە جیاوازەکانی خۆرئاوای تورکیاش وەرچەرخاندووە. لای هەندێکی دیکە بە پارتێکی دیموکرات و هەندێکیش وەك پارتێکی چەپ و بەشێکیش لە باڵی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان ئاماژە و پێناسی دەکەن. دواجار هەدەپە خۆی بە نوێنەری هەموو گەل و تاکە پەراوێزخراو، چەوساوە، زوڵملێکراوەکانی کۆمەڵگای تورکیا دەزانێ، چونکە دەیان ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنیی کورد، کەسایەتی ئاینی و چەپ و ئازادیخواز، فێمینیست، ژینگەپارێز، سەندیکای کرێکاری لەخۆیدا کۆکردۆتەوە.

لەم پارتەدا کار بەسیستمی هاو سەرۆك دەکرێت، واتە پارتەکە سەرۆکێکی پیاو سەرۆکێکی ژنی دەبێت و لەکاتی بەستنی کۆنگرەدا هەردوکیان هەڵدەبژێرێن. لەساتەوەختی دامەزراندنیەوە تا ئێستا هەدەپە شەش رێبەری هەبووە سێ پیاو سێ ژن. لە بەرواری ٢٠١٤/٧/٢٢ هەریەك لە (فیگان یوکسیك داغ) و (سەڵاحەدین دەمیرتاش) هاوسەرۆکی و رێبەرایەتی هەدەپەیان گرتە دەست. بەڵام پاش دەستگیرکردنی هاوسەرۆکانی هەدەپە لە ئۆپەراسیۆنی شەوی ٢٠١٦/١١/٤، لەسەر داوای هاوسەرۆکانی زیندانیکراو سێیەم کۆنگرەی نائاسایی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە رۆژی ٢٠١٧/٥/٢٠، بە دروشمی "بە بەرخودان دەیبەینەوە" لە شاری ئەنقەرە بەرێوەچوو لە کۆنگرەکەدا (سەرپیل کەمالبای) وەک کاندیدی ژنانی هەدەپە بۆ جێگرەوی فیگەن یوسەکداغ کرایە هاوسەرۆکی نوێی هەدەپە.




**سەڵاحەدین دەمیرتاش و فیگان یوکسەک داغ هاوسەرۆکانی هەدەپە**

بەڵام ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەدەپە هیچ کاندیدێکی بۆ پڕکردنەوەی پۆستی دەمیرتاش دیارینەکرد. بەڵام وابریارە لە کۆنگرەی ئاسایی هەدەپەدا پۆستەکەی (دەمیرتاش) پڕبکرێتەوە، لەم بارەیەشەوە سەرکردایەتی ئەو پارتە پرس و راوێژیان بە (سەڵاحەدین دەمیرتاش) هاوسەرۆکی هەدەپە کردووە بۆ پڕکردنەوەی پۆستی هاوسەرۆک، لای خۆیەوە دەمیرتاش ئامادەیی دەربڕیوە بۆ دەستبەرداربونی لە پۆستەکەی و پێدانی بەکەسێکی دیکە و رایگەیاندووە "تەنیا وەک ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی دەمێنمەوە ."




**(سەرپیل کەمالبای) هاوسەرۆکی نوێی هەدەپە**

## هەدەپەو ئەزمونی سیاسی

یەکەم ئەزمونی فەرمی هەدەپە وەک پارتی سیاسی بەشداریکردن بوو لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، ئەویش بە کاندیدی کردنی (سەلاحەدین دەمیرتاش) هاوسەرۆکی پارتەکە. هەرچەندە دەمیرتاش نەیتوانی لەبەرامبەر دوو کاندیدەکەی دیکەی سەرۆکایەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام توانی ٣ ملیۆنو ٩٥٨ هەزار دەنگ بەدەست بهێنێت. کە دەیکردە ڕێژەی ٩,٧٦% دەنگەکان، ئەم ئەنجامەش دەریخست کە لە دوای ٢٤ ساڵ بە دەنگی کورد لە تورکیا بە ڕێژەی ٧٥% زیادی کردوە. ئەم ئەنجامە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی بزوتنەوەی کورد لە تورکیا بڕیار بدات بەشێوەی پارتی سیاسی، بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٧ حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٥ بکاتو دڵنیا بێت لەوەی دەتوانێت بەربەستی ١٠%ی پەرلەمانی ببڕێت و بۆ یەکەمجار وەک پارتێکی سیاسی کوردی دەگاتە پەرلەمانی تورکیا.
هەرچەندە پاش هەڵبژاردنەکانی ١٩٩١، پارتە کوردیەکانی باکور بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیایان دەکرد، بەڵام هەمیشە بە هۆی بەربەستی ڕێژەی ١٠% یاسای هەڵبژاردنەکانی تورکیا، نەیاندەتوانی وەك پارتی سیاسی بگەنە پەرلەمانی ئەو وڵاتە، بەم هۆکارەش ناچاربوون بە کاندیدی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی دەیەی رابردوی تورکیا بکەن و بۆ گەیشتن بە پەرلەمانی تورکیا.
ئەوەبوو لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیرانی ٢٠١٥دا بۆ یەکەمین جار پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، توانی بەربەستی ١٠% تێبپەرێنێت و بە بەدەستهێنانی ٦,٠٥٧,٥٠٦ دەنگ، رێژەی ١٣% دەنگەکانی تورکیا بەدەست بهێنێت، بەرامبەر بوو بە ٨٠ کورسی پەرلەمانی.
بەم شێوەیە هەدەپە لە مێژودا وەك یەکەمین پارتی کوردی لە باکوری کوردستان گەیشتە پەرلەمانی تورکیا.
سەرکەوتنی کوردو هەدەپە لەم هەڵبژاردنەدا لەسەر حسابی پارتی دادوگەشەپێدان بەدەستهات. چونکە پارتی دادو گەشەپێدان سەرەڕای ئەوەی پارتی براوەی هەڵبژاردن بوو، بەڵام بەهۆی زیادبونی دەنگی هەدەپەوە زەبرێکی گەورەی بەرکەوت. بەو پێیەی ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەمانی تورکیا، لە ٣٢٧ کورسییەوە بۆ ٢٥٨ کورسی کەمی کرد، واتە ٦٨ کورسی لەپەرلەمان لەدەستدا. بەشی هەرە زۆری ئەو دەنگ و کورسییە لەدەستدراوانەش چونە سەر باڵانسی هێزی کوردو هەدەپە، بەو پێیەی پارتێکی کورد گەیشتە پەرلەمانی تورکیاو ژمارەی نوێنەرانی کوردیش لە ٣٦ نوێنەرەوە بۆ ٨٠ نوێنەر زیادی کرد.
پاش راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی ٧حوزەیرانی٢٠١٥، دەرکەوت چیتر پارتی دادو گەشەپێدان ناتوانێ پشت بەست بە زۆرینەی پەرلەمانی وەک رابردوو حکومەت بەتەنها

پێکبهێنێت، لەبەر ئەم هۆیەش حکومەتەکەی ئاک پارتی بریاری ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەرکرد لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١١/١ دا. هەڵبژاردنی پێشوەختی پەرلەمان، هەلێك بوو لەبەردەم ئاک پارتیدا تاوەکو بەم دەرفەتە بتوانێت ڕێگەیەیەکی یاسایی بدۆزێتەوە بۆ بەرگرتن لە دوبارە سەرکەوتنی هەدەپە لە گەیشتن بە پەرلەمانی تورکیا، لەلایەکی دیکەشەوە خوازیاربوون پارتەکەیان بتوانێ زۆرینەی پەرلەمانی بۆ پێکهێنانی کابینەی ئایندەی حکومەتی تورکیا مسۆگەر بکات.

دوای ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە ١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥، ئاک پارتی توانی بەشێک لە مەبەستەکەی بپێکێ، ئەوەش دوای مسۆگەرکردنی زۆرینەی پەرلەمانی و بەدەستهێنانی ٣١٧ کورسی، بەڵام ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا دڵخوازی ئەکەپە نەبوو، دوبارە سەرکەوتنی هەدەپەو تێپەرکردنی بەربەستی ١٠% بوو لەم هەڵبژاردنەشدا. هەدەپە سەرەڕای کەمکردنی دەنگ و کورسییەکانی بە بەراورد بە هەڵبژاردنی ٧ حوزەیران، بەڵام توانی ئەمجار ببێتە سێهەم گەورە پارت و فراکسیۆنی پەرلەمانی تورکیا، ئەوەش لەسەر حسابی پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا (مەهەپە)، لەم هەڵبژاردنەشدا هەدەپە توانی ٥,١٤٤,١٠٨ دەنگ کۆبکاتەوە، کە دەیکردە ڕێژەی ١٠,٧٥% دەنگەکانی تورکیا، بەرامبەر بە ٥٩ کورسی لە پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا.

سەرکەوتنی هەدەپە لە دوو هەڵبژاردنی یەک لەدوای یەکدا، زەنگێکی ئاگادارکردنەوەبوو بۆ ئەردۆغان و پارتەکەی، بەتایبەت پاش ئەوەی هەدەپە لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا جەختی لەسەر ڕێگریکردن لە خەونی ئەردۆغان بۆ گۆرینی سیستەمی سیاسی تورکیا دەکردەوە لەرێگای شەقام و کاری پەرلەمانییەوە، لەبەر ئەم هۆیەش هەدەپە وەک پارتێکی نەیار لەلایەن ئەکەپەوە لەقەڵەمدرا، لەلایەکی دیکەشەوە وەک گەورەترین بەربەست و ڕێگری لەبەردەم خەونی ئەردۆغان بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی تورکیا تەماشا دەکرا، لەم پێناوەشدا حکومەتی ئاکپارتی و پەرلەمان و دادگای دەستوری تورکیا دۆسییەی هەڵگرتنی پارێزبەندی پەرلەمانتارانیان لە پەرلەمانی تورکیا جوڵاند. ئامانج لەم کارەش تەنها بۆ ئەوەبوو بتوانن بە پاساوێکی یاسایی گەورەترین بەربەستی بەردەم ستراتیژی ئەکەپەو ئەردۆغان لە تورکیادا تێکبشکێنن.



**فراکسیۆنی هەدەپە لەنێو هۆڵی پەرلەمانی تورکیا**

ئەوەبوو لە مانگی ئایاری ٢٠١٦ دا، پەرلەمانی تورکیا دۆسیەی هەڵگرتنی پارێزبەندی پەرلەمانتارانی پەرلەمانی تورکیای جوڵاندو پاش چەند رۆژێک یاسای هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر ژمارەیەک پەرلەمانتار پەسەندکرا. پەسەندکردنی ئەو یاسایە پشتی بەستبوو بەو دۆسیەو سکاڵایانەی پێشکەش بە پەرلەمانی تورکیا کرابون، بەتۆمەتی پشتیوانی و هاریکاری تیرۆر و گەندەڵی و سوکایەتی کردن بە سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و سیمبولەکانی تورکیا... هتد.

ئەوە بوو رۆژی ١٨-٥-٢٠١٦ پەسەندکردنی پرۆژە یاسای هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر ١٣٨ پەرلەمانتار دەنگی لەسەردرا. لە خولی یەکەمی دەنگدان بە٣٤٨ دەنگی بەڵێ لە بەرامبەر ١٥٥ دەنگی نەخێر پەسندکرا. خولی دووەمی پرۆسەی دەنگدان رۆژی ٢٠-٥-٢٠١٦ بەرێوەجوو، تیایدا یاساکە بە ٣٧٦ دەنگی بەڵێ بەرامبەر ١٤٠ دەنگی نەخێر پەسندکراو بەم شێوەیە پرۆژەی هەڵگرتنی پارێزبەندی لە پەرلەمانی تورکیا تێپەڕێندرا .

پرسی یاسای هەڵگرتنی پارێزبەندی هەرلەسەرەتای خولی ٢٦ پەرلەمانی تورکیاوە جوڵێندرا، ئەوەبوو لەماوەی یەک ساڵی تەمەنی پەرلەمانیدا، 667 دۆسیە بۆ هەڵگرتنی

پارێزبەندی ١٣٨ پەرلەمانتار ڕەوانەی پەرلەمان کرابوو، لەو ژمارەیەش زیاد لە نیوەی سکاڵاکان بە تەنیا لەسەر پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە تۆمارکرابون. ریزبەندی سکاڵاکان دژ بە پەرلەمانتاران بەم جۆرە بوو:

- ٤٠٥ دۆسیەی سکاڵا دژی ٥٠ پەرلەمانتاری هەدەپە.
- ١٩٢ دۆسیەی سکاڵا دژی ٥١ پەرلەمانتاری جەهەپە.
- ٤٦ دۆسیەی سکاڵا دژی ٢٧ پەرلەمانتاری ئەکەپە.
- ٢٠ دۆسیەی سکاڵا دژی ٩ پەرلەمانتاری مەهەپە.
- ٥ دۆسیەی سکاڵا دژی پەرلەمانتارانی سەربەخۆ.
- پشت بەست بەو یاسایەو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەو سکاڵایانەی لەسەر پەرلەمانتاران تۆمارکرابوون، پەرلەمان پارێزبەندی لەسەر ١٣٨ پەرلەمانتاری تورکیا هەڵگرت، لەنێوانیشیاندا لەکۆی ٥٩ پەرلەمانتاری هەدەپە، ٥٥ پەرلەمانتاری ئەو پارتە کوردییە پارێزبەندیان لێوەرگیرایەوە.



**ساتەوەختی دەنگداندان و خۆشحاڵی دەربرینی پەرلەمانتارانی تورکیا لە دەنگدان بۆ پرۆژە یاسای هەڵگرتنی پاریزبەندی پەرلەمانتاران**

پاش تەواوبونی پرۆسەی دەنگدان بۆ پەسەندکردنی یاسای هەڵگرتنی پارێزبەندی پەرلەمانتاران، سەرجەم پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، بەچەپڵەرێزان نارەزایەتییان دەربڕی و سەرکۆنەی دانیشتنەکەیان کردو هۆڵی پەرلەمانی تورکیایان بە جێهێشت و بایکۆتی پەرلەمانیان راگەیاند.

سەرەنجام دەرچون و پەسەندکردنی ئەم یاسایە کار ئاسانی و دەستکراوەیی بەخشییە هێزە ئەمنییەکانی حکومەتەکەی ئاک پارتی بۆ لێپێچینەوەو زیندانی کردنی پەرلەمانتارانی هەدەپە.

ئاشکرایە مەبەستی دەرکردنی ئەو یاسایە لە پەرلەمان، بەتایبەت لەوکاتەدا بۆ دورخستنەوەی پەرلەمانتارانی هەدەپە بوو لە پەرلەمان و کایەی سیاسی تورکیا، بەو پێیەی هەدەپە نەیاری سەرسەختی ئەردۆغان و پارتەکەی بون لە پرسی گۆرانکاری لەدەستور و سیستمی سیاسی تورکیادا، ئەمەش گرەنتی بەخشییە ئەردۆغان و پارتەکەی تاوەکو بتوانن بە بێ رێگر دەستوری تورکیا لەپەرلەمانەوە تێبپەرێنن و ئامادەی بکەن بۆ ریفراندۆم و سیستمی حوکمڕانی تورکیا لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی و (رەجەب تەیب ئەردۆغان)یش ببێتە کەسی یەکەم و سەنتەری دەسەڵاتی ئایندە لە تورکیادا.

ناوی ئەو ٥٠ پەرلەمانتارەی هەدەپە کە داواکاری گشتی تورکیا سکاڵایی لە دژیان تۆمار کردووە:

١. سەڵاحەدین دەمیرتاش، ٧٧ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٢. فیگەن یوکسەکداغ، ٢١ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٣. عەبدوڵڵا زەیدان، شەش سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٤. ئادەم گەڤەری، سێ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٥. ئەحمەد یڵدرم، سێ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٦. عەلی ئاتاڵان، یەک سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٧. عەلیجان ئونڵۆ، حەوت سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٨. ئاڵتان تان، ١٥ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٩. ئایجان ئیرمەز، حەوت سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
١٠. ئایهان بیڵگەر، دوو سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
١١. عایشە ئاجار باشاران، ١٤ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
١٢. بێدیا ئوزگوکچە ئەرتان، دوو سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.

١٣.بەهجەت یەڵدرم، چوار سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
١٤.بەردان ئوزتورک، چوار سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
١٥.بەسیمە کۆنجا، چوار سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
١٦.بورسو چەلیک ئوزکان، سێ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
١٧.چاغلەر دەمیراڵ، هەشت سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
١٨.دەنگیر میر محەمەد فرات، سێ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
١٩.دیلان دیرایەت تاشدەمیر ، پێنج سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٢٠.ئێرۆل دۆرا، دوو سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٢١.ئەرتوغرول کورکوچو، ١١ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٢٢.فەیسەڵ سەری یەڵدیز، ١٢ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٢٣.فەلەکناس ئوجا، پێنج سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٢٤.فەرهاد ئەنجو، ١٠ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٢٥.گوڵسەر یەڵدیریم، ١١ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٢٦.هشیار ئوزسۆی، دوو سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٢٧.هودا کایا چوار سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٢٨.ئیبراهیم ئەیهان، شەش سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٢٩.ئیدریس بالوکەن، ١٧ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٣٠.ئیمام تاشچەر، ٢٧ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٣١.قەدری یەڵدیرم، چوار سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٣٢.لەیلا بیرلیک، هەشت سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٣٣.لەیلا زانا، هەشت سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٣٤.لەزگین بۆتان، پێنج سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٣٥.محەمەد عەلی ئەسلان، شەش سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٣٦.محەمەد ئەمین ئادیەمان، سێ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٣٧.مەڕاڵ دەنیش باشتاش، چوار سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٣٨.مەدحەت سانجار، دوو سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٣٩.مزگین ئیرگەت، سێ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٤٠.نادر یەڵدرم، دوو سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٤١.نیهاد ئاکدۆغان، نۆ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٤٢.نورسەل ئایدۆغان، ٤٠ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٤٣.عوسمان بایدەمیر، پێنج سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٤٤.پەروین بوڵدان، ٤٩ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٤٥.سەعادەت بەجەرەکلی، سێ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٤٦.سەلما ئیرماک، ١٦ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٤٧.سری سورەییا ئوندەر، ١٠ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.

٤٨.سیبەل یاغیتلەب، سێ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٤٩.توغبا هەزەر ئۆزتورک، هەشت سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.
٥٠.زیا پیر، سێ سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە.



**روبەروبونەوەی نێوان پەرلەمانتارانی هەدەپە دژی پەرلەمانتارانی ئەکەپەو جەهەپەو مەهەپە لە نێو هۆڵی پەرلەمانی تورکیا**

## کودەتای تورکیاو هەوڵێک بۆ پەراوێزخستنی هەدەپە

دوابەدوای هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی شەوی ١٥ تەموزی ٢٠١٦ و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە تورکیا، دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا ئۆپەراسیۆنێکیان دەستپێکرد بۆ دەستگیرکردن و سزادانی هەموو ئەو کەس و لایەنانەی تۆمەتبار بون بە تێوەگلان لەو هەوڵە. لەو چوارچێوەیەدا سەرەتا ئەندامان و لایەنگرانی بزوتنەوەی خزمەتی سەر بە (فەتحوڵا گولەن)، وەک تۆمەتباری سەرەکی دۆسییەکە زۆرترین زەبریان لەو هەڵمەتانەی هێزە ئەمنییەکانی تورکیادا بەرکەوت.



**کودەتا شکستخواردوەکەی ١٥ تەموزی تورکیا**

هەرچەندە (هەدەپە) لە شەوی کودەتا شکستخواردوەکەی تورکیادا وەک پارتێکی ئۆپۆزسیۆن لەپاڵ هەردو پارتی (جەهەپە و مەهەپە) پشتیوانی بۆ شەرعیەت لە تورکیادا دەربڕی، بەڵام ئەم هەڵوێستەی هەدەپە بە پێچەوانەوەی هەڵویستەکەی جەهەپەو مەهەپە لەلایەن ئەردۆغان و ئەکەپەوە لە بەرچاونەگیرا. ئەوەبوو پاش چەند رۆژێک ئەردۆغان هەوڵی ئاشتەوایی نیشتیمانی راگەیاندو چەند جارێک کۆبونەوەی هاوبەشی لەگەڵ سەرکردەکانی (جەهەپە و مەهەپە) رێکخست.

- (رەجەب تەیب ئەردۆغان) سەرۆک کۆماری تورکیا لە رێکەوتی ٢٥-٧-٢٠١٦ بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەردوو پارتی جەهەپە و مەهەپە، (کەماڵ کلیچدار ئۆغلۆ) و (دەوڵەت باخچەلی) کرد، بۆ کۆشکی کۆماری تورکیا لەپاڵ سەرۆکی ئاک پارتی، بەمەبەستی سوپاسکردنیان لە بەرامبەر پشتیوانیکردن لە شەرعیەتی تورکیا دژ بە کودەتاکەی ١٥ تەموز .

لێرەدا ئەردۆگان (سەلاحەدین دەمیرتاش)ی وەک سەرۆکی سێهەم پارتی گەورەی تورکیا بانگهێشت نەکرد بۆ ئەو دانیشتنە، لەکاتێکدا دەمیرتاش یەکێک بوو لەو سەرکردانەی کە لە کاتژمێرەکانی سەرەتای هەوڵی کودەتاکەدا هەڵوێستی پارتەکەی بە فەرمی دژ بەو هەوڵە راگەیاند.

- ئەردۆغان لە رێکەوتی ٢٩-٧-٢٠١٦ بریاریدا سەرجەمی ئەو سکاڵایانە لە دادگاکانی تورکیا بکشێنێتەوە کە لەلایەن خودی خۆی و پارتەکەی دژ بە سەرۆکی (جەهەپە و مەهەپە) و پەرلەمانتارەنتارەکانی ئەو دو پارتە تۆماری کردبون. لەبەرامبەردا دۆسیەی هاوسەرۆکانی و پەرلەمانتارانی (هەدەپە) بە کراوەی هێڵرانەوە لەدادگاکانی تورکیادا، بەم جۆرەش بریاری لێخۆشبونەکەی ئەردۆغان بۆ کشانەوەی سکاڵاکانی خۆی و ئەکەپە، هیچ یەکێک لە پەرلەمانتارانی هەدەپەی نەگرتەوە.
- رێکەوتی ١-٨-٢٠١٦ بۆ جارێکی دیکە ئەردۆغان بانگهێشتنامەی فەرمی پێشکەش بەسەرۆکی جەهەپەو مەهەپە کرد، بەمەبەستی بەشداری کردنیان لە ئاهەنگێکی ملیۆنی کە رۆژی ٧-٨-٢٠١٦ لە ئەستەنبوڵ لە ژێر ناوی (گردبونەوەی دیموکراتی و شەهیدان) بە بەشداری لایەنگرانی هەرسێ پارت (ئەکەپە- جەهەپە- مەهەپە) بەرێوەچوو، دوبارە لێرەشدا ئەردۆغان و پارتەکەی، (پارتی دیموکراتی گەلان)یان پشتگوی خست و هاوسەرۆکانی ئەو پارتەی بۆ ئەو مەراسیمە بانگهێشت نەکران.

لەبارەی ئەم هەڵوێستانەی ئەکەپەو دو پارتە ئۆپۆزسیۆنەکەی تورکیا (جەهەپەو مەهەپە)، هاوسەرۆکی هەدەپە (فیگان یوکسەکداغ) لە کۆبونەوەی هەفتانەی پارتەکەیدا رۆژی ٢-٨-٢٠١٦ نیگەرانی خۆی لەو بارەیەوە نیشانداو رایگەیاند "ئەوەی لەنێوان ئەردۆغان و پارتە

ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیادا بە بێ هەدەپە دەگوزەرێت، پێچەوانەی گوتاری نیشتیمانی و ئاسایکردنەوەی دۆخی نائارامی تورکیایە، ئەوەی ئەو سێ پارتە پێی هەڵدەستن هەوڵێکە بۆ پەراوێزخستنی ٦ ملیۆن دەنگی هاولاتیانی تورکیا هەدەپە نوێنەرایەتیان دەکات. بەردەوامبونیشیان لەسەر ئەو هەڵوێستانە بۆ ئێمە ئاکامی باشی لێ چاوەڕوان ناکرێت". ئەم وتانەی فیگان ئاماژە بوو بۆ هەستکردن بەپلانێک کە دژ بە هەدەپە بەرێوەیەو وردە وردە کاری بۆ دەکرێت.

بەم شێوەیە لەگەڵ بەردەوامبونی دۆخی پەراوێزخستنی هەدەپە و لێکنزیکبونەوەی زیاتری ئەکەپەو جەهەپەو مەهەپە، ئەگەری ئەو سیناریۆیە بەهێزتر بوو، کە پلانی دووەمی ئەردۆغان لەپاش پاکسازیەکانی کودەتا، مەبەست لێی روبەروبونەوەی هەدەپەیە. بێگومان ئەمەش دوای ئەوە رویدا کە ئەردۆغان و ئەکەپە بەتەواوی دڵنیابونەوە لەوەی کە کۆی جومگەکانی دەسەڵاتی تورکیایان لە لایەنگرانی گویلەن پاککردوەتەوە، بەم جۆرەش هەنگاوی دواتری خۆی بینیەوە لە هەڵکوتانەسەر باڵی مەدەنی سیاسەتمەدارانی کورد (هەدەپە).



**دیداری سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرسێ پارتی (ئەکەپەو مەهەپەو جەهەپە)**

**کۆشکی کۆماری ٢٥-٧-٢٠١٦**

وەک چاوەڕواندەکرا پاش یەکلاکردنەوەی ململانێکانی ئەردۆغان لەگەڵ بزوتنەوەکەی فەتحولا گولەندا، پلانی پاکسازی دژ بە سیاسەتمەدارانی کورد چووە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوەبوو پاش تێپەربونی نزیکەی ٤ مانگ بەسەر هەوڵی کودەتاکەی تورکیا، حکومەت وادەی باری نائاسایی لە وڵاتەکەیدا درێژکردەوە. بە واتا دوای سەرکوتکردنی لایەنگرانی بزوتنەوەی خزمەت و دورخستنەوەیان لەسەرجەم دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا، ئەمجارە کوردەکان کەوتنە نێو فۆکسی دەزگا ئەمنییەکانی تورکیاو بە پەلاماردانی ئەندام و لایەنگرو پەرلەمانتارو سەرۆک شارەوانییە کوردەکان، هەوڵی لەناوبردنی نەیارەکانی ئەردۆغان و پارتەکەی دەستپێکرد.
لەم نێوانەشدا ئەندام و لایەنگرانی هەردوو پارتی (دەبەپەو هەدەپە) کەوتنە بەر شاڵاوی دۆخی نائاسایی و ئۆپەراسیۆنەکانی هێزە ئەمنییەکانی تورکیا، بە پاساوی ئەندامێتی و لایەنگری کردنی پارتی کرێکارانی کوردستان پۆل پۆل دەستگیرکران.

حکومەتی (ئاک پارتی) بەڕابەرایەتی (ئەردۆغان)، سەرەتا دەستیکرد بەسیاسەتی دورخستنەوەو پەراوێزخستنی کورد لە کایەی سیاسی و پەرلەمانی تورکیادا. لەم چوارچێوەیەشدا و بە پاساوی لایەنگری و هاوکاری پەکەکە هێزە ئەمنییەکانی تورکیا هەڵمەتێکیان دەستپیکرد بۆ دەستگیرکردنی پەرلەمانتارانی (پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە)، ئەوەبوو لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦، هەر یەکە لە سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکانی هەدەپە و ١٠ پەرلەمانتاری تری هەدەپە بەناوەکانی (سری سورەیا ئۆندەر، ئیدریس باڵوکەن، زیا پیر، نورسەل ئایدۆغان، لەیلا بیرلیک، فەرهاد ئەنجو، سەلما ئیرماک، عەبدوڵڵا زەیدان، گولسەر یڵدرم و محمد عەلی ئەسڵان) بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستگیرکران.
دوای چەند رۆژێکیش هەریەک لە پەرلەمانتاران (نیهات ئاکدۆغان و چاغلار دەمیرەل و بەسیمە کۆنجا)ش دەستگیرکران و هەریەک لە (سڕی سورەیا ئۆندەر و زیا پیر و محمد ئەڵی ئەسڵان)یش ئازادکران.
ئەم هەڵمەتە هەتا ئێستاش بەردەوامی هەیە، بەجۆرێک هەر رۆژەو پەرلەمانتارێک راپێچی بەردەم دادگاکان دەکرێت و بە تۆمەتی جیاواز زیندانی دەکرێ. لەسێ مانگی یەکەمی پرۆسەکەدا ٢٦ پەرلەمانتاری هەدەپە دەستبەسەرکران، لەو ٢٦ پەرلەمانتارە ١٢ یان دەستگیرکران و ١٣ پەرلەمانتارەکەی دیکەش بە مەرج ئازاد کران. بۆ نمونە (ئەیهان بیلگەن)ی وتەبێژی هەدەپە، پاش دەستگیرکردنی، بۆ ماوەی ٧ مانگ زیندانیکراو دواتر ئازادکرا. دواهەمین کەس بەر ئەم هەڵمەتە کەوت پەرلەمانتاری (عوسمان بایدەمیر) بوو، کە لە رێکەوتی ١٢-١١-٢٠١٧ لەکاتی گەشتکردنی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە

ئەستەنبوڵ دەستگیرکراو دوای چەند کاتژمێرێك ئازادکردا. دواتر رۆژی ١٦-١١-٢٠١٧ داواکاری گشتی دادگای سزای قورسی باتمان، بڕیاری زیندانیکردنی بۆ (عایشە ئاجار باشاران)، پەرلەمانتاری شاری ئیلیە/باتمانی پارتی دیموکراتی گەلان دەرکرد.

لەماوەی یەک ساڵدا زیاتر لە (٤٠) پەرلەمانتاری هەدەپە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە، بەڵام لەئێستادا هاوسەرۆکی هەدەپەو نۆ پەرلەمانتاری هەدەپە لەزیندانەکانی تورکیادا ماون بۆ سەرجەمیشیان داوای سێ هەزار و (١٢٦) ساڵ زیندانیکردن دەکرێت.

لە ساتەوەختی دەستگیرکردنی هاوسەرۆکانی هەدەپەوە تا ئێستا، دەمیرتاش و یوکسەکداغ چەند جارێک دادگای کراون. داواکاری گشتیی تورکیا سکالاکانی دژ بە دەمیرتاشی بۆ ٩٣ سکاڵای بەرزکردوەتەوە، لەبەرامبەردا جارێک داوایکردووە دەمیرتاش دوو جار زیندانی هەتاهەتایی و ٤٨٦ ساڵ زیندانی بکرێت. جارێکیتریش داوایکردووە، دەمیرتاش بە ١٤٢ ساڵ زیندانی بکرێت. لەلایەکی دیکەوە داواکاری گشتی تورکیا داوایکردووە، فیگەن یوکسەکداغ، بە سزای ٨٣ ساڵ زیندانی بکرێت. بەم جۆرە تا ئێستا پرۆسەی دادگایی کردنی هاوسەرۆکان و پەرلەمانتارانی هەدەپە بەردەوامی هەیە.




**سەڵاحەدین دەمیرتاش پاش دەستگیرکردن**

دۆخەکە لەم ئاستەدا نەوەستا، لەرێگەی زۆرینەی پەرلەمانییەوە ئەکەپە بە هاوپەیمانی (جەهەپەو مەهەپە) مافی پەرلەمانتاریشیان لە ٤ پەرلەمانتاری هەدەپە وەرگرتەوە، ئەوانیش هەریەک (فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی گشتی هەدەپەو پەرلەمانتاری شاری وان، نورسەل ئایدۆغان پەرلەمانتاری ئامەد، فەیسەڵ ساری یەڵدز پەرلەمانتاری شرناخ، توغبا هەزەر ئۆزتورك پەرلەمانتاری شاری وان، بەسیمە کونجا، پەرلەمانتاری شاری سیرت).

لە ئێستاشدا (لەیلا زانا) پەرلەمانتاری هەدەپە لە بازنەی ئاگری بەهەمان شێوە ئەگەر هەیە بە فەرمی لەرێگەی پەرلەمانەوە مافی پەرلەمانتاری لێوەرگیرێتەوە. بەو هۆکارەی ناوبراو لە رۆژی ١٧-١١-٢٠١٥ لە رێورەسمی سوێندخواردنی یاسایی پەرلەمانتاران لە پەرلەمانی تورکیا، هاوشێوەی ساڵی ١٩٩١بە پێچەوانەی ئەو رێنماییانەی بۆی دانرابوو، سوێندی یاسایی خواردو دەستەواژەکانی ناو سوێندخواردنەکەشی گۆڕی.

لەوکاتەوە تا ئێستا (لەیلا زانا) لە هەموو مافێکی پەرلەمانتاری بێ بەشکراوەو رێگەشی پێ نەدراوە لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا بەشداری بکات و موچەو تایبەتمەندی پەرلەمانتاریشی پێنەدراوە.

لەمبارەیەشەوە هەردوو فراکسیۆنی (ئەکەپە و جەهەپە) لە لیژنەی ئامادەکاری پەرلەمان یاداشتێکیان دژی (لەیلا زانا) ئامادەکردووەو بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانیان بەرزکردووەتەوەو لەسەر دوورخستنەوەی لەیلا زانا رێککەوتوون. سەرۆکی لیژنەکە (موراد ئاڵپارسڵان) پەرلەمانتاری ئەکەپە لەم بارەیەوە رایگەیاندووە" دۆسیەی لەیلا زانا بەهۆی دەوامنەکردنی کراوەتەوە، نەوەک بەهۆی پرسی سوێندخواردنی یاسایی بەو پێیەی بەشداری ٢١٢ دانیشتنی پەرلەمانی نەکردووە".




**لەیلا زانا هاوشێوەی ساڵی ١٩٩١ لە پەرلەمانی تورکیا سوێندی خوارد**

دوا بەدوای سیاسەتی دورخستنەوەی کورد لە کایەی سیاسی و پەرلەمانی تورکیا، حکومەتی ئەنقەرە دەستیکرد بە دورخستنەوەو دەستگیرکردنی سەرۆک شارەوانییەکانی باکوری کوردستان.

پارتی دیموکراتیکی هەرێمەکان (بەدەپە) ، لەباکوری کوردستان خاوەنی ١١٥ سەرۆک شارەوانی بوو. بەڵام حکومەتی تورکیا لە چوارچێوەی یاسای باری نائاسایی و لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٦دا بە بریارێک ٢٨ سەرۆک شارەوانی لەپۆستەکانیان دورخستەوەو نوێنەرانی حکومەتی تورکیا، واتە (قەیوم)ی لە شوێنەکانیاندا دانا. ئەمە لە کاتێکدا بەپێی یاساکانی تورکیا سەرۆک شارەوانییەکان بە هەڵبژاردن لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و نابێت وەک بەرێوەبەری ناحیە، قائیمقام و پارێزگا لە لایەن حکومەت و وەزارەتی ناوخۆوە دابنرێن.

دۆخەکە هەر لەم ئاستەدا نەوەستا بەڵکو دەستکرا بە دەستگیرکردنی سەرۆک شارەوانییەکان و لەماوەیەکی کەمدا نزیکەی ٥٩ هاوسەرۆک شارەوانی کورد لە باکور دەستگیرکران، کە ٢٥ هاوسەرۆکیان ئافرەت بون و بریاری زیندانیکردنیش بۆ ٧ هاوسەرۆکیان دەرکرا.

(ئەحمەد تورک) یەکەمین سەرۆک شارەوانی بوو کە لە ٢١ تشرینی دووەمی ٢٠١٦، لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستگیرکرا. دەستگیرکردنی ئەحمەد تورک دوای ئەوە هات کە رۆژی ١٧ی تشرینی دووەم ناوبراو لە پۆستی هاوسەرۆک شارەوانی مێردین دوورخرابویەوە. ئەحمەد تورک دوای مانەوەی نزیکەی ٣ مانگ لە زیندان، دواتر بەهۆی تێکچونی دۆخی تەندروستی لە رێکەوتی ٣-٢-٢٠١٧ ئازادکرا.



**ئەحمەد تورک سەرۆک شارەوانی مێردین لەکاتی دەستگیرکردنی**

یەکەم شارەوانی بەر ئەم ئەم شاڵاوە کەوت شارەوانی ئامەد بوو، لە شەوی ٢٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦دا هەریەک لە (گوڵتان کشاناک و فورات ئانلی) هاوسەرۆکانی شارەوانی ئامەد دەستگیرکران. دوای ٥ رۆژ لە دەستگیرکردنیان دادگای ئامەد بڕیاری زیندانیکردنی بۆ دەرکردن و ڕۆژێک لە دوای بڕیارەکە دورخرانەوە بۆ زیندانی کۆجائەلی لە باکوری ڕۆژئاوای تورکیا.

بەم شێوە سیاسەتە حکومەتەکەی ئاکپارتی، لەپاڵ یاسای باری نائاسایی و بەشێوەیەکی نایاسایی، هەریەک لە گەورە شارەکانی باکوری کوردستان (ئامەد، مێردین، وان و ئورفە (ڕۆحا) و شارەوانییەکانی دیکەی ...) لە دەستی کورددا دەرهێنا.

سەرەنجام حکومەتی تورکیا لەماوەی دوو مانگی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکان و پشت ئەستور بە درێژکردنەوەی یاسای باری نائاسایی پاش هەوڵی کودەتا، ٣٦ شارەوانیی لەژێر دەست

دەبەپە دەرهێناو لە جێگەی سەرۆک شارەوانیەکانی بەدەپە، نوێنەرانی حکومەت (قەیوم) دانران بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شارەوانییەکانی باکوری کوردستان.

بەم شێوەیە هەڵمەتی دەستگیرکردن و زیندانی کردنی پەرلەمانتارو هاوسەرۆکانی شارەوانی و چالاکانی کورد درێژەی کێشا.



**(گوڵتان کشاناک و فورات ئانلی) هاوسەرۆکانی شارەوانی ئامەد**

لە بەیاننامەی کانونی یەکەمی ٢٠١٦ی (پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە)دا هاتووە، لەدوای هەوڵی کودەتاکەی تورکیا لەماوەی ٥ مانگدا، نزیکەی ٨٥٠٠ ئەندامی هەدەپە دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوەیەن لەگەڵداکراوە و ٢٤٨٨ کەسیان زیندانی کراون، لەوانەش (٧٠ هاوسەرۆک شارەوانی باکوری کوردستان، (لەیلا گۆڤەن) هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی (کەجەدە) و (سەباحەت تونجەل) هاوسەرۆکی گشتی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان (دەبەپە) و (ئایلا ئاکات ئات) وتەبێژی کۆنگرەی ژنانی ئازاد (کەژەئا)، ١٥ پەرلەمانتاری هەدەپەو دەیان چالاکەوان و رۆژنامەنوس و ئەندامی پارت و رێکخراوە کوردییەکان.




**ساتەوەختی دەستگیرکردنی (سەباحەت تونجەل) هاوسەرۆکی گشتی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان (دەبەپە)**

لەپاڵ یەک ساڵ گۆشەگیری و نەبونی هەواڵ دەرباری دۆخی ژیان و تەندروستی (عەبدوڵا ئۆجالان)، ساڵێکیش بەسەر هەڵمەتی دەستگیرکردنی پەرلەمانتار و ئەندامانی پارتی دیموکراتی گەلان و چالاکەوانانی کورد لە تورکیا تێپەردەبێت. لەگەڵ چەقبەستویی دۆخی کورد و نەبونی ئاسۆی چارەسەری دۆخی کورد لە باکوری کوردستان، هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ئازادکردنی پەرلەمانتارانەی هەدەپە و ئاسایی بونەوەی دۆخەکە لە تورکیادا.

(سەلاحەدین دەمیرتاش) هاوسەرۆکی هەدەپە دوای یەک ساڵ مانەوە لە زیندان پەیامێکی بۆ لایەنگرانی پارتەکەی بڵاوکردەوە تیایدا رایگەیاند:

" لای ئێوە نیم بەڵام دڵم لاتانە، بە مانەوەی ئێمە لە زیندان خەبات هەر بەردەوام دەبێت، هەدەپە حزبی تاکەکەس یان سەرکردەیەک نییە بە دەستگیر کردنی من و هەڤاڵانم چالاکییەکانی بوەستێت. بەڵکو هەدەپە حزبی تێکڕای خەڵکەو لە ڕێبازەکەی بەردەوام دەبێت. پێشتر چەندین جار گوتومە لە دەرەنجامدا ئەم کەشتییە دەگاتە کەنار، چونکە بە

سەدان ژن و پیاوی دیکە هەن بۆ درێژەدان بەخەبات، ئێمەش لە زیندانەوە، ئەوەی لە دەستمان بێت دەیکەین و بەردەوامیش دەبین لە خۆڕاگری، سەرئەنجام ئەگەر تەنها یەک کەس لە ئێمە بە زیندویی بمێنێتەوە، پارتەکەمان بەرەو سەرکەوتن دەبات".

لە ئێستادا ساڵێک تێپەر دەبێت بەسەر کودەتای ٤ی مژاردا، وەک بەرپرسانی هەدەپە ناوی لێ دەنێن. بە شێوەیەکی گشتیش 9 پەرلەمانتاری هەدەپە لە زیندانەکانی حکومەتی تورکیادان و مافی پەرلەمانتاریش لە ٤ پەرلەمانتاری هەدەپە سەندراوەتەوە. لەلایەکی دیکەوە ٨٢ سەرۆکی شارەوانی بەدەپەو ١٠ هەزار ئەندامی هەدەپەو دەبەپەو (١٥٠) ڕۆژنامەنووس زیندانیکراون. هاوکات لە چوارچێوەی سەپاندنی باری نائاسایی بە مەرسومێک (١٤٨٧) ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەباکوری کوردستان قەدەغەکراون، ئەوە جگە لەسەر کار لادانی (١١٥٠٠) مامۆستا لە ناوچە کوردییەکان. بەپێی ڕاپۆرتی رێکخراوی مافی مرۆڤی تورکی (ئیهادێ:IHD) دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی رابردوودا (٥٠) هەزار پێشێلکاری لە ناوچە کوردییەکان ئەنجامداوەو لە هەمان ساڵدا بەگشتی (٤٧) زیندانی سیاسی لە ناو زینداندا بەهۆی نەبوونی چارەسەری پزیشکی گیانیان لەدەستداوە. لەلایەکی دیکەوە وتەبێژی پارتی دیموکراتیکی گەلان (ئەیهان بیلگەن) لەو بارەیەوە دەڵێ " لە چوارچێوەی دۆخی نائاسایی تورکیادا ١١٠ هەزار کەس لە کار دەرکراون، لەو ژمارەیەش ٣٧ کەسیان خۆیان کوشتوە".



وێنەکانی ساتەوەختی دادگایی کردنی فیگەن یوکسەکداغ

**پاش یەک ساڵ: ناوی پەرلەمانتارانی زیندانیکراوی هەدەپە**

١.سەڵاحەدین دەمیرتاش (هاوسەرۆکی هەدەپە و پەرلەمانتاری ئەستەنبۆل)

٢.فیگەن یوکسەکداغ (هاوسەرۆکی هەدەپە و پەرلەمانتاری وان)

٣ .گوڵسار یەڵدرم (پەرلەمانتاری مێردین)

٤ .سەلما ئیرماک (پەرلەمانتاری جولەمێرگ)

٥ .فەرهاد ئەنجو (پەرلەمانتاری شرناخ)

٦ .ئیدریس بالوکەن (پەرلەمانتاری ئامەد)

٧ .چاغلار دەمیرەل (پەرلەمانتاری ئامەد)

٨ .عەبدوڵڵا زەیدان(پەرلەمانتاری جۆلەمێرگ)

٩ .بورسو چیللەک (پەرلەمانتاری موش)



پەرلەمانتارانی زیندانیکراوی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)

## دەرئەنجام

دیاردەی فرەحزبی لە تورکیادا دەگەڕێتەوە بۆ پاش ساڵی ١٩٤٦، ئەوەش دوابەدوای ڕێگەدان بە دروستکردنی پارت و ڕێکخراو کۆمەڵەو سەندیکاکان و ئەنجامدانی کارو چالاکی سیاسی لەو وڵاتە. پاش ماوەیەک لەوبەرواره دوو دیاردە سەریانهەڵداو هەتا ئێستاش مێژوی پەنجاساڵی رابردوی تورکیای پێ دەناسرێتەوە، ئەوانیش دیاردەی (داخستنی پارتە سیاسییەکان و ئەنجامدانی کودەتای سەربازی لە تورکیا).

دوای ئەنجامدانی یەکەم کودەتای سەربازی لە ساڵی ١٩٦٠ تا ساڵی ٢٠١٦ نزیکەی حەوت جار کودەتاو هەوڵی ئەنجامدانی کودەتا لە تورکیادا دراوە، واتە هەر دە ساڵ جارێک تورکیا هەوڵێکی ئەنجامدانی کودەتای بەخۆوە بینیوە. لەلایەکی دیکەوە دیاردەی داخستنی پارتە سیاسییەکان یەکێکی دیکەیە لەسیماکانی نیو سەدەی تەمەنی سیاسی ئەو وڵاتە. دیاردەی داخستنی پارتە سیاسییەکان لەڕێگای یاساوە، دیاردەیەکی دێرینەو سەرەتاکەی بۆ ساڵی ١٩٢٥ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم دیاردەیە دوابەدوای کودەتای ساڵی ١٩٦٠ زیادی کرد و لەدوای کودەتای ١٩٨٠ زیاتر تەشەنەی سەند. لەو نێوانەدا هەمیشە پارتە (کوردیەکان، ئیسلامییەکان، چەپ و کۆمەنیستەکان) پشکی گەورەیان لە قەدەغەکردن و داخستنی پارتەکانیان بەرکەوتووە.

بەردەوامی دیاردەکە وایکردووە داخستنی پارتە سیاسییەکان لەتورکیادا وەک نەریتێکی لێبێت و هەرکاتێک پارتی دەسەڵاتداری وڵات خواستی لەسەر سیاسەتی پارتێک نەبێت، ئەوا پەنا دەباتە بەر دادگاکانی تورکیاو لەو ڕێگەیەوە پارتەکە دادەخات. لەلایەکی دیکەوە بەدرێژای مێژوو دەسەڵاتی دادوەری لە تورکیادا لەم بارەیەوە ڕۆڵی خراپی گێراوەو لە زۆر دۆسیەدا لەلایەن دەسەڵاتی تورکیاوە دادگاکان بۆ مەبەستی سیاسی بەکار هێندراون.

لە ئێستای تورکیاشدا سەرەرای کارکردن بە سیستمی فرەحیزبی، بەڵام پارتەکانی تورکیا لەهەر ئان و ساتێکدا ئەگەری روبەروبونەوەیان هەیە لەگەڵ دادگای دەستوری ئەو وڵاتەدا.

کوردانی تورکیا سەرەڕای تاقیکردنەوەی خەباتی شۆرشگێری، هاوکات لە دوای ساڵی ١٩٩٠ەوە لەرێگەی پارتە سیاسییەکانەوە هەوڵیاندا بە فەرمی بەشداری لەکاری سیاسی و پەرلەمانی و حکومڕانی تورکیادا بکەن. سەرەڕای ئاستەنگە بەردەوامەکانی بەردەمیان لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا، لەرێگەی بەربەستی هەڵبژاردن و گرتن و تیرۆرو زیندانی کردنی هەزاران ئەندام و چالاکوان و سیاسی و سەدان سەرکردەو سمبوڵی خەباتی پارتە کوردییەکان، لە لەیلا زاناوە بۆ عەبدوڵا ئۆجەلان تا سەڵاحەدین دەمیرتاش و داخستنی شەش پارتی سیاسی لەماوەی ٢٠ ساڵدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کات کوردانی تورکیا مەیدانی خەباتیان لەبەردەم فشاری دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیادا چۆڵ

نەکردوەو هەمیشە بەرێگاو میکانیزمی جیاواز بەردەوامیان بەخشیوەتە خەباتی سیاسیان لەو وڵاتەدا.

کوردانی تورکیا پاش تاقیکردنەوەی ئەزمونی هەشت پارتی سیاسی و دوای ٢٥ ساڵ، سەرئەنجام توانیان بۆ یەکەمجار لەمێژوی تورکیادا لەرێگەی پارتێکی سیاسییەوە بگەنە پەرلەمانی تورکیاو بەربەستی ١٠% پەرلەمانی لە دوو هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٥ تورکیادا لەرێگەی پارتی دیموکراتی گەلانەوە تێپەربکەن. سەرکەوتنی ئەم پارتە کوردییە لە دوو هەڵبژاردنی یەک لەدوای یەکدا، هۆشداری دایە دەسەلاتدارانی تورکیا، ئاماژەیەکیش بوو لەبەردەم بەهێزبونی کورد لە تورکیاو ئاراستەکردنی دۆزی کورد لە تورکیا بۆ دۆزێکی فەرمی و کارکردن لە پێناو سەربەخۆکردنی کوردەکان لە تورکیا لەروی ئەرک و ماف و دەسەڵاتی سیاسییەوە. ئەمەش هۆکاربوو لەبەرامبەر هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر هەردوو پارتی (هەرێمە دیموکراتییەکان- دەبەپە) و (پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە) و توندکردنەوەی فشارەکان بۆ سەر هاوسەرۆکانی شارەوانی و پەرلەمانتارو ئەندامانی هەردوو پارتەکەو دەستگیرکردنی هەزاران لایەنگریان، ئەمەش لە پێناو سنوردارکردن و لاوازکردنی چالاکیەکانیان و گێڕانەوەی پارسەنگی هێز لەبەرژەوەندی پارتی دەسەڵاتداری تورکیاو کپ کردن و چەپاندنی زیاتری کوردەکان و هەوڵدان بۆ تواندنەوەیان لەناو قەوارەی تورکی لە تورکیادا.

لە ئێستاشدا، پاش چڕکردنەوەی فشارەکانی حکومەتی تورکیا بۆ سەر هەردوو پارتی (دەبەپە و هەدەپە)و دەستگیرکردنی لەشکرێک لە سیاسەتمەدارو چالاکوانی سیاسی و رۆژنامەنوسانی کورد لە تورکیا، بەتایبەت دوای هەوڵی کودەتاکەی ١٥ تەموزی ٢٠١٥، ئەگەر هەیە ئەم پارتە کوردیانەش هاوشێوەی پارتە کوردییەکانی رابردو، هەمان چارەنوس چاوەروانیان بکات و یاساغکردن و داخستنی پارتەکەیان ببێتە کارتی ئایندەی حکومڕانانی تورک لەبەرامبەر چالاکانی کورد. لەبەرامبەردا کوردانی تورکیا دەکەونە بەردەم دۆخێکی نوێ و دەستبردن بۆ تاقیکردنەوەی ئەڵتەرناتیڤێکی نوێ، لە پێناو بەردەوامیدان بە تێکۆشان و خەباتی پەرلەمانی بۆ زیاتر داکۆکیکردن لە دۆزی رەوای نیشتیمان و نەتەوەکەیان لە تورکیادا.

# سەرچاوە

## کتێب و نوسراوی کوردی:


١. دۆسیێ تورکیا، ژمارە ٢، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، دەریدەکات، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٢. دۆسیێ تورکیا، ژمارە ٦، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، دەریدەکات، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣. محمد فاتح، پارت و رێکخراوە سیاسیەکان لە تورکیا، (١٩٢٣-٢٠٠٣)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٦.

٤. گەیلان عەباس، پێگەی کورد و هەدەپە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی تورکیادا، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٥/٦/٥.

٥. گەیلان عەباس، مانیفێستی هەدەپە و هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا، ، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٥/١٠/٢٥ .

٦. گەیلان عەباس، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی تورکیا و هۆکاری زیادبونی دەنگەکانی ئەکەپە ، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٥/١١/١٥ .


## کتێب و نوسراوی عەرەبی:


٧. محمد نوردين، تركيا - الجمهورية الحائرة، مركز الدراسات الإستراتيجية والبحوث والتوثيق، لبنان، ١٩٩٨.

٨. منصور عبد الحكيم، تركيا من الخلافة إلى الحداثة، دار الكتاب العربي، لبنان، ٢٠١٣.

٩. دستور تركيا مصدرعام ١٩٨٢ شاملاً تعديلاتة حتى عام ٢٠١١، ترجمة المؤسسة الدولية الديموقراطية وألانتخابات.

١٠. د.طارق عبدالجليل، العسكر و الدستور فى التركيا (من القبضة الحديدية الى دستور بلا عسكر)، الطبعة الثانية، دار نهضة مصر للنشر، مصر، ٢٠١٣.

١١. الآنتخابات البرلمانية التركية: النتائج و التداعيات، المركز العربى الابحاث و الدراسة السياسات، قطر، ٢٠١٥.

١٢. الدكتور احمد نورى النعيمى، النضام السياسى فى التركيا، دار الزهران للمشر و التوزيع، عمان، ٢٠١١.

١٣. النظام السياسي في التركيا (النظم و المؤسسات) الموقف التركى من قضايا الأمة، مركز سورية للبحوث و الدراسات.


## ماڵپەڕە کوردییەکان:


١٤. پەرلەمانتارە کوردەکانی تورکیا پارێزبەندی یاساییان لەسەر هەڵگیرا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://jamekurdi.com/report-and-discussion/%D9%BE%DB....

١٥. دەوڵەتی تورکیا ٢٨ سەرۆک شارەوانی هەڵبژێردراوی لابرد، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rojnews.org/haber/6931/28.html

١٦. پۆلیسی تورکیا گوڵتان کشاناک و فرات ئانلیی هاوسەرۆکانی شارەوانیی ئامەدیان دەستگیرکرد، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=52884

١٧. بڕیاری زیندانیکردن بۆ هاوسەرۆک شارەوانییەکی ئامەد و پەرلەمانتارێکی پێشووی هەدەپە دەرچوو، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=53166

١٨. حکومەتی تورکیا قائیمقامێکی لەبریی کشاناک و ئانلی کردە سەرۆک شارەوانیی ئامەد، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=53291

١٩. لێكدانەوەی ئاماری زیندانیانی كورد و داعش لە زیندانەكانی توركیا/ ئۆزای بولوت ، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://kurdish.kurdpress.com/NSite/FullStory/News/?Id=69402#Title...

٢٠. HDP حزبی یەك كەس نییە، حزبی تێكڕای خەڵكە، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://www.kurdpress.com/ku/details.aspx?id=433

٢١. "ساڵی ڕابردوو ٥٠ هەزار جار مافی مرۆڤ لە باكور پێشێلكراوە"، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://www.rojnews.biz/haber/11580/50.html

٢٢. ٥٠ سیاسەتوانی كوردی توركیا نیگەرانییان بە دۆخی نارِوونی عەبدوڵلا ئۆجەلان لە زیندانی ئیمرالی دەربڕی ، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://kurdish.kurdpress.com/NSite/FullStory/News/?Id=80513#Title=%0A%09%09%09%...

٢٣. داهاتووی بزووتنەوەی سیاسیی كوردەكانی توركیا/ عەلی بایرام ئوغلوو، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://kurdish.kurdpress.com/NSite/FullStory/News/?Id=70022#Title=%0A%09%09...

٢٤. سەروەتو سامانی ئەو پارتە بلۆك دەكرێت"دادگای دەستوری توركیا پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی داخست، پێگەی ئەلیكترۆنی:
https://werash.wordpress.com/2009/12/11/%D8%AF%D9%87...

٢٥. بڕیاری لێسەندنەوەی ئەركی پەرلەمانتاری هەدەپە لەیلا زانا
http://aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8%...

٢٦. كۆنگرەی نائاسایی هەدەپە بەڕێوەدەچێت، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=23931&babet=1&relat=1024

٢٧. نوێنەرانی باكور لە زینداندا، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://azhans.krd/%D9%86%D9%88%DB%8E%D9%86%DB%95%D8%...

٢٨. مستەفا كەماڵ و كێشەی كورد/ ٣، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://www.nnsroj.com/detiles.aspx?id=793&ID_map=25

٢٩. لەیلا زانا؛ كاندیدی HDP لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی توركیا دەبێت، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://kurdish.kurdpress.com/NSite/FullStory/Print/?Id=40639

٣٠. كورد و مێژووی هەڵبژاردنەكانی توركیا، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=17736

٣١. حكومەتی توركیا مۆنۆمێنتی سەركردەیەكی كوردی ڕووخاند، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=63744

٣٢. بارودۆخی توركیا دوای كودەتای ١٩٨٠ ، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://govarikoch.com/Detail.aspx?id=552&LinkID=7

٣٣. داخستنی دەتەپە؟!، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://archive.sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=354&cat=1&title=1

٣٤. دەتەپە بەناوی پارتی ئاشتی و دیموكراسیەوە كاری سیاسی خۆی دەكات، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://archive.sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=22402&cat=1

٣٥. وشەی "ئامەد" لەتوركیا دەسڕێتەوە! ، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://jamekurdi.com/news/%D9%88%D8%B4%D9...

٣٦. هاوسەرۆك و ٦١ بەرپرسی باڵای دەبەپە لە كاتی كۆنگرەی حزبەكەیاندا لەلایەن توركیاوە زیندانی كرابوون، پێگەی ئەلیكترۆنی:
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=41549

٣٧. پرۆژەی هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتارانی تورکیا پەسندکرا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2005201615?keyword=%D8%B1%D9%88%D9%88%D8%AF%D8%A7%D9%88
٣٨. ئەحمەد تورك ئازادكرا، ، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/030220174
٣٩. گوتەبێژی هەدەپە: ١٠ هەزار ئەنداممان لە زیندانەکاندان، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2511201715
٤٠. گوتەبێژی هەدەپە: ١٠ هەزار ئەنداممان لە زیندانەکاندان، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/27102017
٤١. دادگای سەربازی تورکیا زیاتر لە ٥٨ پارتی داخست، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/11032015
٤٢. تورکیا.. پرۆژەی ئاستەنگکردنی داخستنی پارتە سیاسییەکان پەسندکرا
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/140320153
٤٣. ساڵێکە لە زیندانن، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://sbeiy.com/?p=46023
٤٤. 37کەس کە لە چوارچێوەی دۆخی نائاساییی تورکیا لە کار دەرکراون خۆیان کوشتوە پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.kurdpress.com/ku/details.aspx?id=1042

- **ماڵپەرە عەرەبییەکان:**

٤٥. تاريخ الأحزاب السياسية الكردية في تركيا، على الموقع:
http://www.turkpress.co/node/9827
٤٦. بالصور: أردوغان يستقبل زعماء الأحزاب السياسية في القصر الرئاسي، على الموقع:
http://www.turkpress.co/node/24183
٤٧. بالصور.. يوم تاريخي في تظاهرة ميدان تقسيم بإسطنبول لدعم الديمقراطية ورفض محاولة الانقلاب، على الموقع:
http://www.turkpress.co/node/24152
٤٨. الأكراد بين كمال أتاتورك ورجب طيب أردوغان... من ١٩٢٠ إلى ٢٠١٥، على الموقع:
http://www.alhayat.com/Articles/9492901...
٤٩. نتائج الانتخابات البلدية في تركيا...بقلم :هوزان أمين، على الموقع:
http://www.semakurd.net/article/%D9%86%D8...
٥٠. المأسئلة الكردية بعد انقلاب ١٩٨٠ ، على الموقع:
http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Siasia21/Akrad/sec072.htm
٥١. تركيا.. ورحلة البحث عن دستور جديد، على الموقع:
http://rouyaturkiyyah.com/%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8%A7-...
٥٢. التطور التاريخي للدساتير التركية (٥) ، على الموقع:
http://www.turkpress.co/node/15054
٥٣. حزب العمال الكردستاني، على الموقع:
http://www.aljazeera.net/encyclopedia/movementsandparties/2014/2/12...
٥٤. تركيا.. حزب جديد وآخر في الطريق، على الموقع:

http://arabi21.com/story/1045863/%D8%A...

٥٥. تركيا.. مسار تاريخي، على الموقع:

http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages...

٥٦. عصر حكم الحزب الواحد في تركيا "١٩٢٣ - ١٩٤٦"، على الموقع:

https://www.turkpress.co/node/20002

٥٧. محظورات في فترة حكم الحزب الواحد في تركيا، على الموقع:

https://www.turkpress.co/node/16945

٥٨. قصة الحكومات التركية، على الموقع:

http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/9E54EACB-F19F-4A7F-AE9E-FD5706737723

٥٩. حزب ( أتاتورك ) حزب الشعب الجمهوري/تركيا، على الموقع:

https://www.assakina.com/center/parties/25426.html

٦٠. رؤساء الحكومات التركية منذ تأسيس الجمهورية، على الموقع:

https://www.turkpress.co/node/1934

٦١. حزب الشعوب الديمقراطي، على الموقع:

http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2014/10/12/%D8%...

٦٢. تركيا.. نصف قرن من الانقلابات على الموقع:

https://www.skynewsarabia.com/web/article/857874/....

٦٣. الانقلابات في تركيا .. من ١٩٦٠ إلى ٢٠١٦، على الموقع:

http://aranews.org/2016/07/...

٦٤. "الشعوب الديمقراطى" يطلق حملتة الانتخابية: حزب لكل الاتراك، على الموقع:

http://www.alaraby.co.uk/politics/2015/4/29/%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8...

- **ماڵپەڕە ئینگلیزییەکان:**

65. *A slip up or a principled stance, at the site:*

https://www.dailysabah.com/feature/2015/11/21/a-slip-up-or-a-principled-stance

66. *Arrest of Kurdish Leaders Shakes Turkey, at the site:*

https://www.wsj.com/articles/turkish-government-defends-arrests-of-kurdish-opposition-leaders-1478260515

67. *HDP arrests: on the road to dictatorship in Turkey, at the site:*

http://anccanada.org/hdp-arrests-on-the-road-to-dictatorship-in-turkey/

*68. New People's Democratic Party (HDP) in Turkey hopes to unite socialists and Kurdish opposition, at the site:*

http://www.organizedrage.com/2013/11/new-peoples-democratic-party-hdp-in.html

*69. New Kurdish Party Could Impact Local Turkish Elections, at the site:*

https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/10/new-kurdish-party-could-impact-turkey-elections.html

70. Parti Programı, HALKLARIN DEMOKRATİK PARTİSİ PROGRAMI: *, at the site:*

http://www.hdp.org.tr/parti/parti-programi/8

71. HDP raises the stakes by promising to double minimum wage, at the site:

http://www.dailysabah.com/elections/2015/04/21/hdp-raises-the-stakes-by-promising-to-double-minimum-wage

72. Manifesto pledges, at the site:

http://www.jamesinturkey.com/elections/turkeys-general-election-2015/manifestos

- **ماڵپەڕە تورکییەکان**

73. *Zana'nın vekilliğinin düşürülmesine CHP'den destek*
https://www.gazeteduvar.com.tr/politika/2017/11/09/zananin-vekilliginin-dusurulmesine-chpden-destek/

*74. TÜRKİYE GENEL SEÇİM TARİHİ*
*http://www.yenisafak.com/secim/genel-secim/*

75. *1946 Genel Seçimi Sonuçları*
http://www.yenisafak.com/secim-1946/secim-sonuclari

76. *1950 Genel Seçimi Sonuçları*
http://www.yenisafak.com/secim-1950/secim-sonuclari

77. *Üç ayda 26 HDP milletvekili gözaltına alındı, 12'si tutuklandı*
http://www.cumhuriyet.com.tr/haber/turkiye/667259/Uc_ayda_26_HDP_milletvekili_gozaltina_alindi__12_si_tutuklandi.html

78. *1990'lardan Bugüne Devreden Bir Tartışma: "Milletvekili Dokunulmazlığı"*
https://140journos.com/1990-lardan-bugune-devreden-bir-tartisma-milletvekili-dokunulmazligi-26861356bd84

79. *Kemalbay: Bu gemi limana varacak*
http://mezopotamyaajansi.com/tum-haberler/content/view/4764

*80. HDP seçim bildirgesini açıklad*
http://www.hurriyet.com.tr/hdp-secim-bildirgesini-acikladi-28793336

*81. HDP'liler tutuklu vekiller için AYM'de nöbette*
http://www.dihaber.org/TUM-HABERLER/content/view/17671

*82. Milletvekilliği Sona Erenler*
https://www.tbmm.gov.tr/develop/owa/milletvekillerimiz_sd.ayrilanlar

*83. HDP kongresinde 'Direnerek Kazanacağız' mesajı*
https://anfturkce.net/guncel/hdp-kongresinde-direnerek-kazanacagiz-mesaji-90871

84. İşte HDP'nin İl İl Kesinleşmiş Aday Listesi

http://www.haberler.com/iste-hdp-nin-il-il-kesinlesmis-aday-listesi-7166340-haberi

85. HDP seçim bildirgesini açıkladı: İnadına barış, inadına HDP
http://www.bbc.com/turkce/haberler/2015/10/151001_hdp_secim_bildirge
86. HDP'li Ayhan Bilgen: Bu iktidar ülkeyi OHAL’siz yönetemez hale geldi
http://www.cumhuriyet.com.tr/haber/siyaset/875287...